https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.04

e-ISSN (2617-0752)  p-ISSN (2617-0744)

# سیاسەتی (شاپوری دووەم)ی ساسانی بەرانبەر بە ئاینی مەسیحی لە کوردستان٣٠٩-٣٧٩ز

میرزا ابراهیم قادر
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
بەشی مێژوو
mirzaibrahim369@yahoo.com

پ. ی. د. کامەران محمەد جەلال
زانکۆی کۆیە -فەکەڵتیی پەروەردە
بەشی مێژوو
kameran.jalal@koyauniversity.org

**پوختە**

لێکۆڵینەوە لە ئاینی ئیمپراتۆریەتی ساسانی یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی مێژووی ئەو ئیمپراتۆریەتە، چونکە ئەوان ئاینی زەردەشتییان زیندووکردەوە و بەهێزیان کرد و کردیان بە ئاینی فەرمیی ئیمپراتۆریەتەکەیان. چەندین ساڵ ئەم ئاینە لە دەرەوەی ئیمپراتۆریەت بوو، بەڵام بە هاتنی ساسانییەکان بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی، قۆناغێکی گرنگ هاتە کایەوە بۆ ئاینی زەردەشتی و موبەدانی، بارودۆخی زەردەشتییەکان ڕووی لە پێشکەوتن کرد، بە تایبەتی لە سەردەمی شاپوری دووەم، تا ئەو ڕادەیەی موبەدان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکییان هەبوو لە سیستەمی حوکمڕانیی ساسانی، بێگومان ئەم ڕووداو و پێشهاتانە بۆ ئاینەکانی تری ژێر قەڵمڕەویی ساسانی، چەندین دەرئەنجامی خوازراو و نەخوازراوی لێ کەوتەوە، ئاینی زەردەشتی و موبەدان هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ پێکدادانی نێوان ئیمپراتۆر و بەرپرسانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و پەیڕەوانی ئاینە بیانییەکان بە تایبەتی ئاینی مەسیحی.

لەم بابەتەدا بارودۆخی باوەڕدار و موژدەبەرانی ئاینی مەسیحی لە سەردەمی شاپوری دووەم ئیمپراتۆری ساسانی تاوتوێدەکرێت، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئاینییان، بە تایبەتی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی لە ئەنجامی باوەڕ و داکۆکیکردنیان لە ئاینەکەیان، کە لە ماوەی حوکمڕانیی شاپوری دووەم ڕووبەڕووی بوونەوە، هەروەها ئەنجام و دەرەنجامەکانی ئەو چەوساندنەوەیەی موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکان کە لەسەر دەستی ئیمپراتۆر و بەرپرسانی ئەو ئیمپراتۆریەتە لە دژیان ئەنجامدرا.

سیاسەتی ئاینی ئیمپراتۆریەتی ساسانی پرۆسەیەکی گۆڕاوبوو، لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکیدا، کۆمەڵێک فاکتەر

هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانە بوون، لەوانە گۆڕانی هەلومەرجی جیهان، گۆڕانی ئاینیی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کە دوژمنی سەرەکیی ساسانییەکان بوو. هێز و توانای موبەدان و پاشاکان، هەروەها ڕەفتار و هەڵسوکەوتی موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکان، کە هەندێک جار دەبوونە مایەی هەڵچوونی ئیمپراتۆرەکانی ساسانی، بەڵام لە کۆتاییدا هۆکاری سیاسیش ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە ئازار و ئەشکەنجەی باوەڕدارە مەسیحییەکان و ئەو چەوساندنەوەیەی بەرانبەریان کراو، خرانە بارودۆخێکی گۆشەگیرەوە.

وشە کلیلییەکان: ساسانی، حەدیاب، بیت کرخ سلوخ، ئاینی مەسیحی، شاپوری دووەم.

## سیاسەتی (شاپوری دووەم)ی ساسانی بەرانبەر بە ئاینی مەسیحی لە کوردستان٣٠٩-٣٧٩ز

### پێشەکی

ئیمپراتۆریەتی ساسانی یەکێکە لەو ئیمپراتۆریەتە بەهێزانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەنێوان سالانی ٢٢٤_٦٥١ز ڕۆڵ و کاریگەریی زۆری هەبووە لە ناوچەکەدا، بەهۆی سیاسەتی فراوانخوازی کەوتە ململانێی توند لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دەوروبەری بە گشتی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە تایبەتی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (بێزەنتی) گۆڕانکاریی زۆری بەخۆوە بینیوە، هەندێک جار لەو پەڕی ئاشتی و هەندێک جاریش جەنگ و یەکتر سڕینەوە، چەند فاکتەرێک بوون، بوونە هۆکاری ئەم جۆرە لە پەیوەندیی نێوانیان، ئاینی مەسیحی یەکێک بوو لەو فاکتەرانە، چونکە ئاینی مەسیحی، دوای ئاینی زەردەشتی، گەورەترین ئاینی سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی بوو و زۆرترین پەیڕەوکار و باوەڕداری هەبوو، ئەو ئاینە مەترسی و هەڕەشەیەکی توند بوو لەبەردەم پیاوانی ئاینیی زەردەشتی، بۆیە بەو پێیەی کە موغەکان کاریگەریی زۆریان هەبوو لە سەر بڕیاری حوکمڕانیی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بەو کاریگەرییە زۆرێک لە پاشاکانی ساسانی دژایەتیی ئاینی مەسیحییان کرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە پەیمانی میلان لە ساڵی ٣١٣ز لەلایەن قوستەنتینی یەکەم، ئاینی ناوبراو کرایە ئاینی فەرمیی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی، ئیتر ئەوەبوو مەترسیی ئەو ئاینە ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد بۆ سەر ساسانییەکان، هەر ئەوەش نەبوو، بەڵکو هۆکاری تریش هەبوون، لەوانە باوەڕهێنانی چەندین ئەندامی بنەماڵەی ساسانی و بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ساسانی، ئەمەش وای کردبوو کە کاریگەری بخاتە سەر پێگەی ئاینی فەرمیی ئیمپراتۆریەتی ساسانی کە ئاینی زەردەشتی بوو، بێجگە لەوەش مەترسیی پیاوانی ئاینی زەردەشتی لە

ئاینی مەسیحی یەکێک بوو لە فاکتەرە بەهێزەکانی سەرهەڵدانی ئەو ململانێیە لە ئیمپراتۆریەتی ساسانی، لەبەرئەوەی ئاینی زەردشتی پێگەیەکی بەهێزی هەبوو لە ئیمپراتۆریەتی ساسانی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دامەزرێنەری خودی ئیمپراتۆریەتەکە لە خانەوادەیەکی پەیڕەوانی ئاینی زەردەشتی بوو، ناوی ساسانیش سەرچاوەکەی هەر ئاینییە.

بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان بە تایبەتی لە شارەکانی کەرکوک و هەولێر و ڕەهای(حەڕان) ئێستا، مێژووەکەی بۆ بەر لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەگەڕێتەوە، بەڵام پاش دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و دوای ئەوەی لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دژایەتی ئاینی مەسیحی کرا، کوردستان بوو بە ناوەندێکی گرنگی بڵاوبوونەوەی ئەو ئاینە، ئەمەش بوو بە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ فەرمانڕەوایانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و پیاوانی ئاینی زەردشتی، ئەمە بە سەرەتای دەستپێکردنی ململانێی نێوان ئاینی زەردەشتی و مەسیحی دادەنرێت.

ئەم توێژینەوەیە بایەخەکەی لەوەدایە کە پەردە لەسەر سیاسەتی شاپوری دووەم بەرانبەر بە پەیڕەوکارانی ئاینی مەسیحی هەڵدەداتەوە، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئەم ئازار و ئەشکەنجەیەی موژدەبەر و باوڕدارەکان ڕووبەڕووی بوونەوە هۆکارەکەی چی بوو، لەهەمان کاتدا کاردانەوەی موژدەبەر و باوەڕدارەکان بەرانبەر ئەم سیاسەتەی شاپور چی بوون؟ ئەم توێژینەوەیە لە چوارچیوەی سێ باس خراوەتەڕوو، بەو پێیەی تا ئەمڕۆ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی پەنجەی نەخستووەتە سەر تەواوی ئازار و ئەشکەنجەی پەیڕەوکارانی ئاینی مەسیحی لە کوردستان (میزۆپۆتامیا).

سەبارەت بە ڕێبازی نووسینیش شێوازی شیکاریی وەسفی مێژوویی پەیڕەوکراوە بۆ شیکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی لە سەردەمی شاپوری دووەم ڕوویانداوە، بە تایبەتی سیاسەتی توندی ئاینی دژی ئاینەکانی تری ژێر قەڵمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ساسانی.

## ١: ئاینی مەسیحی لە سایەی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا

### ١:١ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان

ئاینی مەسیحی لە سەردەمی سەرهەڵدانیەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەربڵاوترین ئاینە لە جیهاندا، سەربوردەی ئاینی مەسیحی بۆتە یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی مێژوو، سەرهەڵدانی ئەو ئاینە لە شوێنێکی بچووکی وەک فەلەستین، لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینی بوو بە ئاینی سەرەکی لە زۆربەی شوێنەکانی جیهانی ئەوسا، پاشان کاریگەریی خۆیشی لەسەر هزری ئاینیی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش دانا، بە تایبەتی ژێر قەڵمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ساسانی (ناردۆ، ب.س.چ، ١١). مەسیحیەت یەکێکە لەو سێ ئاینە ئاسمانییانەی کە زۆرترین ژمارەی پەیڕەوکاری هەیە، لە ڕووی کات و سەردەمیشەوە دوای ئاینی یەهودی دێت (مرعي، ٢٠٠٨، ٦١). مێژووی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینی، لە سەردەمی مەسیح ئەو ئاینە گەیشتە کوردستان، ئەو کەسەی ئاینی مەسیحی لە کوردستان بڵاوکردەوە ماری ئەدی بوو، یەکێک بوو لە٧٢ پەیڕەوکار و قوتابییانی مەسیح، لە ساڵی ٢٩ز هات بۆ شاری ڕەها، ئەوکات ئەو شارە پایتەختی پاشا ئەبجەری پێنجەم بوو، حکومەتەکەی بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی فارسی (یوسف، ٢٠٠١، ١٦٤). ئەو بانگخوازە مەسیحییە لە شاری نوصەیبین[١] هاتووەتە هەولێر و لەوێشەوە بەرەو شاری کرخا بیث سلوخ (کەرکوک) و شارەزوور شۆڕبووەتەوە و بانگەوازی بۆ ئاینەکەی کردووە، تاوەکو خەڵک ڕابکێشێت بۆ ناو ئاینەکەی، پاش ئەوەی ئەو

موژدەدەرە کۆچی دوایی دەکات، یەکێک لە شوێنکەوتووانی شوێنی دەگرێتەوە و دەبێتە گەورەترین موژدەدەری مەسیحی لە کوردستان، ئەمەش سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دەبێت لە ناوچە کوردنشینەکان و لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی زاینی مەسیحیەت وەک ئاینێکی ناسراو لە زۆربەی شارەکانی کوردستان گەشەی کردووە (کامل، ١٩٨٧، ٦٣).

پاشماوەی شوێنەواریی بەجێماوی کڵێساکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئاینی مەسیحی بە شێوەیەکی فراوان لە کوردستان بڵاوبووەتەوە، بە تایبەتی لە چیا و بەرزاییەکانی هەکاری[٢] و زۆربەی شوێنەکانی تری کوردستان، مەسیحییەکان گروپێکی گەورەیان پێکهێنا، بەردەوام بوون تاوەکو سەدە و نیوێک دوای ئەوە ملکەچی کەنیسەی نەستوری[٣] بوون، کەمێکیان لەسەر پەیڕەوی فێرکاریی کلێسای کلدانی مابوونەوە، ئەوانی تر لەسەر پەیڕەوی نەستوری بوون، نەستوریەت لەسەر دەستی مەتران بەرسوما بڵاوبوویەوە لە شاری نوسەیبین لە ساڵی ٤٣٥ز تا ٤٨٩ز(عزاي، ١٩٩٨، ٨٣). دانیشتوانی کوردستان لە ناوچەی موسڵ و خوار زنجیرە چیای جودی نیشتەجێبوون، پێکدەهاتن لە یەعقوبی و گۆران، پەیڕەوکاری ئاینی مەسیحی بوون، لەسەر ئەوئاینە مانەوە(المسعودي، ٢٠٠٥، ٩٧).

## ٢:١ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان

پەیوەندیی نێوان ئاینی مەسیحی و ئێران بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە پێغەمبەر عیسا لەدایکبووە و مەجوسە ئێرانییەکان چوونە بەیت لەحم[٤] بۆ دیدەنی(انجيل متى، 2)، وێڕای ئەوەش لە شوینێکی تر ئاماژە بەوە دراوە لە بۆنەی پەنجایی[٥]، پارتییەکان و خەڵکانی جزیرە لە قودس ئامادەبوونە بۆ گوێگرتن لە بانگەواز و وتاری عیسای نێردراو، پاش گوێگرتن لە وتەکانی پەیامبەر عیسا هەندێکیان باوەڕیان بەو ئاینە هێناوە، لەگەڵ خۆشیان کتابی ئینجیلیان هێنابوو بۆ خەڵکی وڵاتی خۆیان (میلر ١٩٣١،

٢٦٨). جگە لەمە دەکرێت بڵێین: هاتنی ئاینی مەسیحی بۆ ناو هەرێمەکانی ئێران لە سەردەمی ئەشکانییەکان دەستیپێکردووە، کاتێک ئیمپراتۆریەتی ئۆسرەوینیان داگیر کرد، لەو کاتەوە، واتە لە دەورووبەری ساڵی ١٠٠ز شاری ئیدیسا بوو بە ناوەندێکی گرنگی مەسیحی لە ناوچەکە، لە ئەدیابین ڕێژەیەکی زۆری جولەکە هەبوون، ئاینی مەسیحی لە وڵاتی میزۆپۆتامیا بە شێوەیەکی خێرا بڵاوبوویەوە، هەروەها لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات کە خاکی بنەڕەتی ئێرانییەکان بوو هەر لە زووەوە بڵاوبوویەوە، لە پێش ساڵی ٣٠٠ز بوو بە ئاینی فەرمی ئەرمەنستان(گێو ١٣٧٧، ٣٨٢).

پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی و دوای ماوەیەک لە سەرهەڵدانی ساسانییەکان مەسیحییەکان لەو ئیمپراتۆریەتەدا بە شێوەیەکی سەرەکی سەر بە کڵێسای نەستوری (کڵێسای ڕۆژهەڵات)بوون (دیگران ١٣٥٣هـش، ٨٦). هەرچەندە ئەم کڵێسایە پەیوەندی لەگەڵ کڵێساکانی مەسیحی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا هێشتەوە و بەردەوام بوون لە پەیوەندیی نێوانیان، بەڵام لە ڕووی بیروباوەڕەوە جیاوازیی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو، زۆربەی مەسیحییەکان لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە لێواری ڕۆژئاوای ئەو ئیمپراتۆریەتە دەژیان، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێکیان لە وڵاتی میزوپۆتامیا دەژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەکانی باکووریش کۆمەڵگەی زۆر گرنگ هەبوون لەوانە: ئەلبانیای قەوقاسی، لازیکا، ئیبریای قەوقاسی و بەشی فارسی ئەرمەنی و کۆمەڵگە گرنگەکانی تر لە دوورگەی تایلۆس (بەحرەین)، کەناری باشووری کەنداوی فارس، هەندێک لەو ناوچانە لە ئاینی مەسیحی نزیکتر بوون(لوکوز ٢٠٢٠، ٢٥-٢٩).

لەگەڵ هەموو ئەو وردەکارییانەش، هەرچەندە ناکرێت باس لە ژمارەی مەسیحییەکان و بارو گوزەرانیان لەسەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بکرێت، بەو پێیەی ئەوان کەمینەیەکی بەرچاو و

خوێندەوار و ڕۆشنبیر و لێهاتوو بوون، شارەزاییان لە زۆربەی زانستە جیاوازەکان هەبوو، دەتوانرێت دان بەوە دابنرێت کە مەسیحییەکان بە بارودۆخێکی سروشتی و دوور لە چەوساندنەوە تێپەڕی بووبن (اسحق ١٩٤٨، ١٠)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگیرێت، ڕۆژگاری پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی لە سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی هێندەی سەردەمی حکومەتی ئەشکانی باش نەبوو، چونکە هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە مەسیحییەکان لەو سەردەمدا ڕووبەڕووی چەوسانەوە بووبنەوە (Asmusseen, 2002, 935).

ئەوەی ئاشکرایە، لە سەردەمی شاپوری یەکەمی جێنشینی ئەردەشێر، مەسیحییەکانی ئێران بارودۆخیان سەخت نەبوو، بە هۆکاری ئەوەی شاپور سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵات زۆر لێبوردە بوو لەگەڵ مەسیحییەکان و لەگەڵ مانییەکانیش[٦] مامەڵەیەکی نەرمونیانی دەکرد، بێگومان ئەوەش هۆکاری هەبوو، چونکە شاپور نەیدەتوانی ئاینێک بۆ ئیمپراتۆریەتەکەی هەڵبژێرێت (Gilleman,1999, 110). لە هەموو ئەو ماوەیەدا حکومەتی ساسانی سیاسەتی توندی نەگرتەبەر بەرانبەر بە پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی، بەڵام ڕووداوێک کە لە سەردەمی شاپور بەرانبەر بەمەسیحییەکان ئەنجامدرا، پاش ئەوەی دەستی بەسەر ئەسرەوین و ئەنتاکیە و کیلکیەدا گرت، هەزاران مەسیحی ئەو ناوچانەی ڕاگواست بۆ ناوەخۆی ئێران و لە ناوچەکانی خوزستان و بابل نیشتەجێیکردن (Gilleman,1999, 110)، ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە شاپور بەبێ مەبەست بەشداری لە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت بکات لەو وڵاتەدا، ئاینی مەسیحی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئێران بگوازێتەوە بۆ ناوەخۆی وڵاتەکەی، هەرچەندە ئەم کارەی شاپور بێ بەرنامە بوو، بەڵام بووە هۆکاری زووتری گەشەکردنی ئاینی مەسیحی لەو ئیمپراتۆریەتەدا (Wiesehofer, 2001, 181_185).

## ٢: ئاینی مەسیحی لە سەردەمی شاپوری دووەم

### ١:٢ هەڵوێستی گشتیی شاپوری دووەم لە بەرانبەر مەسیحییەکان

شاپوری دووەم حەفتا ساڵ بەدوای یەکدا فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی کردووە، بەردەوام لە جەنگ بوو دژی ڕۆمانەکان، شەڕێکی تۆڵەئەستێنی لەگەڵ کردوون، شاپور نازناوی (خاوەن شان)ی هەبووە، چونکە لەکاتی بەدیلگرتنی شەڕکەرانی عەرەب شانی هەڵکۆڵیون (الطبري، ١٩٨٧، ٤٠١/١؛ اسماعیل، ٢٠٠٩، ١٤٣٤). هەرچەندە ئەمە بەدوور دەزانرێت ڕاست بێت، بەڵام سزای قورس هەبووە بۆ تاوانباران، بۆ ئەوەی دووبارە نەگەڕێنەوە سەر ئەنجامدانی تاوانەکەیان، کەبەلای شاپور چونە سەر ئاینێکی تر تاوان بوو، کەچی ئەم سزایە نەبوو بوو بە نەریت لەو سەردەمدا(مۆڵە، ٢٠١٤، ٢٦٦/٤).سەرەتای دەسەڵاتی شاپوری دووەم موژدەبەر و باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی لە بارودۆخێکی ئارام دابوون، ئەویش بەهۆی ئەو نامەیەی قوستەنتینی ئیمپراتۆری ڕۆم بۆ شاپوری دووەم ناردی، لەو نامەیەدا سوپاسی هەڵوێستی باشی شاپوری کردبوو بەرانبەر ئەو مامەڵە باشەی بەرانبەر مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانی نواند بووی(القیصری، ١٩٧٥، ٥٦). قۆناغی ئاشتی و ئارامی لە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایەتی شاپوری دووەم کۆتایی هات، سەردەمی ئەشکەنجە و چەوساندنەوە دەستیپێکرد، ئەمەش دەرەنجامی دوو هۆکار بوو، یەکیان ئاینی بوو، ئەوی تریش سیاسی. هۆکاری ئاینی لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە مەترسیی خێرا بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی بوو، چونکە گومانی لەلای باوەڕدارە زەردەشتییەکان دروستکرد و خەڵکێکی زۆر چوونە سەر ئەو ئاینە، بەڵام هۆکاری سیاسی ئەوەیە کەکڵێسای ژێر دەسەڵاتی ساسانی ملکەچی دەسەڵاتی ئاینی کڵێسای ئەنتاکیە بوو، کەسەر بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو، چونکە لەو سەردەم ئاینی مەسیحی بوو بە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆریەتەکە(ساکا، ٢٠٠٨، ١١).

پەیڕەوکارانی ئاینی مەسیحی لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی شاپوری دووەم لەساڵی ٣٠٩ز-٣٧٩ز، کەوتنە ژێر هەژمونی ئاینی زەردەشتی، سەرچاوە مەسیحییەکان باس لەوە دەکەن ژن و پیاوی مەسیحی بەهۆی پابەندبوونیان بە ئاینەکەیان تووشی گەورەترین ئەشکەنجە بوونەتەوە، موبەدە زەردەشتییەکان هەوڵی بنەبڕکردنی ئاینی مەسیحیان دەدا لە ژێر قەڵمڕەوی ساسانی، لەسەردەمی ئەم پاشایە گەورەترین ڕووداو بەرامبەر کڵێسای مەسیحی ڕوویان داوە (میلر، ١٩٣١، ٢٧٣). شاپوری دووەم پاش هاتنە سەردەسەڵات هەمیشە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی ئاینی زەردەشتی داوە، بۆ ڕاگرتنی پێگەی ئاینی زەردەشتی لەبەرانبەر خێرا بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی هەڵمەتی کۆکردنەوەی دەقەکانی ئاڤێستای دەستپێکرد، لە ساڵی ٣٢٥ز بەتەواوی کۆتایی بەکارەکەی هێنا، ئاڤێستا نوێیەکە لەبەرگێکی نوێ نووسرایەوە، بوو بە پەرتووکی فەرمی ئاینی زەردەشتی(داود، ٢٠٠٢، ٥٢ ؛ هەرشەمی، ٢٠١٨، ١٧٦)، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی ئاڤێستا لەو سەردەمدا زمانێکی زیندوو نەبوو بۆ تێگەیشتن لە نێوەرۆکی پەرتووکە ئاینیەکە، هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکانی شاپوری دووەم موبەدانی زەردەشتی بەشێکی زیادەیان بەناوی "خوردە ئاڤێستا" زیادکرد بۆ سەر کتێبە سەرەکیەکەی ئاڤێستا، لەهەمان کاتیشدا بەشێکی ڕاڤەی نوێی ئاڤێستایان بەزمانێکی ساکارتر ئامادەکرد، کە بەزمانێکی ئاسایی نووسرابوویەوە، ناویان لێنا "زندە ئاڤێستا"(هەرشەمی، ٢٠١٨، ١٧٦).

شاپوری دووەم لەژێر کاریگەریی ئاینی زەردەشتی و موبەدان بڕیاری قەڵاچۆکردنی مەسیحییەکانی دا، بۆیە هەردوای ئەوەی شاپور هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەستیکرد بە چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی، بەڵام موبەدەکان بەرپرسیار بوون لەهاندانی پاشا دژی پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی(Payne, 2015, 38). شاپوری دووەم زۆر وابەستە بوو بە

ئاینی زەردەشتی، بۆیە پێی وابوو دەبێت لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی تەنیا ئاینی زەردەشتی هەبێت، زۆر دەمارگیربوو بەرانبەر ئاینەکەی، لەبەر ئەوەی هەر لەمندالّییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئاینی زەردشتی و لەسەر دەستی موبەدان پەروەردەکرابوو(زرین کوب، ١٣٧٧، ٤٥٠).

شاپوری دووەم لەماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆی سڵی لە چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکان نەکردەوە لە وڵاتەکەی، لە سەردەمی ئەودا توندترین و سەخترین چەوساندنەوە ئەنجامدرا بەرانبەر موژدەبەر و باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی، هەر کاتێک نێوانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ڕۆمانی تێک بچووبایە، یاخود جەنگ لەنێوانیان هەڵگیرسابایە، چەوساندنەوەی مەسیحییەکان زیاتر دەبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە چوونە کڵێساشیان لی قەدەغە دەکرا، چونکە شاپور لەو باوەڕە دابوو کە ئەگەر بچنە کڵێسا نزا بۆ سەرکەوتنی دوژمنەکەی دەکەن، بۆیە هەر کەسێک بێ فەرمانی بکردبایە سزایەکی توند دەدرا (نفیسی، ١٣٩٢، ١٥).

شاپوری دووەم بە چوار قۆناغ باوەڕداران و موژدەبەرانی مەسیحی چەوساندەوە (اسحق، ١٩٤٨، ١١)، یەکەم قۆناغ لە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایەتی و دووەم لە ساڵی هەژدەهەم و سێیەم لە سییەم ساڵ و چوارەمیش لە سی و یەکەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەی بوو، کە ماوەکەی چل ساڵ دەبوو و بە چەوساندنەوەی چل ساڵی ناسراوە، درێژترین و چەوسێنەرترین قۆناغی چەوساندنەوەی مەسیحییەکان بوو(شیر، ٢٠٠٩، ١/١٥١)، هەرچەندە هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەم چەوساندنەوەیە تەنیا ٣٩ ساڵی خایاندووە، بەڵام ئەم ڕووداوە بووەتە هۆی لەناوچوونی هەزاران باوەڕداری مەسیحی و وێرانکردنی کڵێسا و هەوڵی لەناوبردنی ئاسەواری ئەم ئاینە، وێڕای

چەوساندنەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ساسانی و موبەدانی زەردەشتی لە وڵاتی میزۆپۆتامیا ماڵ و موڵکی باوەڕدارانی مەسیحی دەستی بەسەر داگیراوە (بیغولیفسکایا، ١٩٧٩، ٢٧٧؛ شیر،١٩١٣، ٢/٦٤).

لابور ئاماژەی بەوە کردووە کە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئاینی مەسیحی خەڵکێکی زۆری ژێر قەڵمڕەویی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و تەنانەت هەندێک لە موغەکان و پیاوانی ئاینی زەردەشتیش پێشوازییان لە ئاینی تازەی مەسیحی کردووە، بەڵام زۆرینەی موغەکان کەوتبوونە ململانێیەکی زۆر توند بەرانبەر بە موژدەبەر و باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی، ئەو ململانێیە بەردەوام بووە، تا دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام (Labourt, 1904, 39).

## ٢:٢ چەوساندنەوەی چل ساڵە

یەکێک لە ڕووداوە مێژووییە گەورەکان کە ناسراوە بە چەوساندنەوەی چل ساڵەی مەسیحییەکان لەلایەن شاپوری دووەم لە ٣٣٩_٣٧٩ ئەنجامدرا، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەم ڕووداوە دەرەنجامی ناکۆکیی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ڕۆمانییەکان بوو، شاپوری دووەم لەلایەن زەردەشتییەکان و تەنانەت جووەکانیش هاندرا بۆ ئەوەی ئەم تاوانە بەرانبەر مەسیحییەکان ئەنجامبدات، بۆیە لەو ڕووداوە جاثلیق[٧] مار شەمعون[٨] و هەزاران باوەڕداری مەسیحی لە ژن و پیاو منداڵ بوونە قوربانی (حبي، ٢٠٠١، ٦٢). لەدوای دەرکردنی بەیاننامەی میلان لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانی قوستەنتینی گەورە، ئاینی مەسیحی بوو بە ئاینی فەرمی ئەو ئیمپراتۆریەتە، ئەمەش ناڕاستەوخۆ پشتگیری و پاڵپشتییەکی بەهێز بوو بۆ باوەڕدار و موژدەبەرانی ئاینی مەسیحی لە سنووری قەڵەمڕەویی ساسانی (زرين كوب، ١٣٧٧، ٤٥٠_٤٥١)، دەکرێت بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دژایەتیکردنی شاپوری دووەم بۆ ئاینی مەسیحی، ئەو بە

فەرمی ناساندنی ئەو ئاینە بووە لەلایەن ڕۆمەکان (میلر، ١٩٣١، ٢٧٣؛ لوریمر، ٢٠١٣، ١٣٠؛ ضرغام، ١٩٩٧، ٢٠٨؛ مفرج.ط.ب، ٢٠٠٥، ١٠٨)، چونکە بەپێی ئەو بەیاننامەیە قوستەنتین ئاینی مەسیحی کردە ئاینی فەرمیی وڵاتەکەی، لەلای ساسانییەکانیش وا لێکدرایەوە کەوا ئاینی مەسیحی دژایەتیی ئاینی زەردەشتی دەکات، بۆیە هەرزوو لەلایەن زەردەشتییەکان دژایەتیی ئەم ئاینە ڕاگەیەندرا، هەرچەندە ئەم هەوڵەی موبەدانی زەردەشتی بۆ ئەوەبوو تاکو پێگەی ئاینی زەردەشتی بەهێزتر بکەن لەنێو ئیمپراتۆریەتی ساسانی(ابونا، ١٩٨٥، ٤١/١).

بە فەرمی ناساندنی ئاینی مەسیحی لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانی قۆناغێکی گرنگ و ڕووداوێکی گەورە بوو لە بەرژەوەندیی ئاینی مەسیحی و موژدەبەرانی، ئەمەش وای کرد لەناو ئیمپراتۆریەتدا پشتیوانییەکی بەهێز بۆ ئەم ئاینە دروستببێت، چونکە پێشتر مەسیحییەکان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دووچاری گەورەترین چەوسانەوە هاتبوون(پرنیا، ١٣٨٥، ١٩١). هەرچەندە سەرەتای دەرچوونی بەیاننامەی میلان، شاپوری دووەم ڕاستەوخۆ دژایەتیی موژدەبەر و پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی نەکرد، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە بۆ وەدەستهێنانی هەست و سۆزی موژدەبەر و پەیڕەوانی ئەم ئاینە. لەلایەکی تریش، بۆ ئەوەی ڕەوشی ناوچەکانی دەوروبەری ئیمپراتۆریەتی ساسانی تێکنەچێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ساسانی باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هێنابوو، هەروەها بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری خۆی (پرنیا، ١٣٨٥، ١٩١).

ئەوکاتەی شاپوری دووەم لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم لەململانێدا بوو، وردەوردە ژمارەی مەسیحییەکان لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی زیاددەبوون، هەڵوێستیشیان سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بەرەو باشی دەچوو، هەست و سۆزێکی زۆریان بۆ ئەو ئیمپراتۆریەتە هەبوو،

هەرچەندە لە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندا بوون، بەڵام هەست و خۆشەویستییان بۆ ڕۆما زیاتر بوو (زرین کوب، ١٣٧٧، ٤٥٠_٤٥١). پاش ئەوەی ئەو بەیاننامەیە دەرچوو، قوستەنتین باوەڕی بە ئاینی مەسیحی هێنا، هەستێک لای شاپور دروستبوو، کە هەموو مەسیحییەکانی ئێران دوژمنی شاراوەی ئیمپراتۆریەتی ساسانین، بۆیە لەگەڵ ئەو کرانەوەیەی لە ڕۆما بەرانبەر مەسیحییەکان دەستیپێکرد، چەوساندنەوەی مەسیحییەکان لەژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بە فراوانی دەستیپێکرد (میلر، ١٩٣١، ٢٧٤). چەوساندنەوەی مەسیحییەکان ماوەی دوو سەدە (٣٤٠ز_٤٥٧ز) بەردەوام بوو، لە سەدەی چوارەم دوو ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا، یەکێکیان پێشکەوتنی ڕێکخستنەوەی کڵێسا. دووەمیان دانپێدانانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە ئاینی مەسیحی وەک ئاینی فەرمیی وڵات، بەڵام خاڵی دووەم لێکەوتەی خراپی لێکەوتەوە لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی، مەسیحییەکانی ئەوێ بە شێوەیەکی فراوان و ڕێکخراو کەوتنە بەر سیاسەتی چەوساندنەوەی ساسانییەکان (باومر، ٢٠٠٩، ٧٨). هەر ئەمە وایکرد گومان و دوودڵی لەلایەن ئیمپراتۆری ساسانی بەرانبەر مەسیحییەکانی سنووری قەڵمڕەوی ساسانی زیاد ببێت، بە تاوانی سیخوڕیکردن بۆ ڕۆم تاوانباربکرێن و سەرەتایەک بێت بۆ دەستپێکردنی ئازار و ئەشکەنجەی مەبەستدار دژی مەسیحییەکان لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی(گیرشمن، ٢٠١٣، ٤٩١).

لە ساڵی ٣٣٩ چاودێریکردنی وردی مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانی دەستیپێکرد، هەر کات شەڕ و کێشە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە هەڵگیرسابا، شاپور چوونی مەسیحییەکانی بۆ کڵێسا قەدەغەدەکرد، چونکە لەو باوەڕەدابوو موژدەبەر و باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی دوعا بۆ سەرانی ڕۆم دەکەن، بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ساسانییەکان سەرکەوتوو بن (نفیسی، ١٣٩٢، ١٥). ڕۆژبەڕۆژ ئاینی مەسیحی لەژێر قەڵمڕەوی ساسانی لەپەرەسەندندا بوو، بەڵام پاشاکانی

ساسانی زۆر گرنگییان بەو بابەتە نەدەدا، کەچی پاش ئەوەی شاپور هاتە سەردەسەڵات بە بیانووی وەدەستهێنانەوەی ئەو ناوچانەی لە سەردەمی شا نرسی لەدەستیدابوون، داوای ئەوەی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دەکرد بۆ ئەوەی ناوچە لەدەستچووەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەوەبوو لەسەر ئەم پرسە جەنگ دەستپێکرد، سیاسەتی شاپور بەرانبەر بە مەسیحییەکان گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینی، سیاسەتی چەوساندنەوە دەستپێکرد، بەڵام باوەڕدارە مەسیحییەکان بەهۆی ئازایەتی و بەهێزی باوەڕیان بە ئاینەکەیان، ملیان بۆ دەسەڵاتدارانی ساسانی کەچ نەکرد، ئامادەنەبوون دەستبەرداری ئاین و باوەڕی خۆیان بن و ملکەچی پەرستنی ڕۆژ و ئاگر بن، وێڕای ئەوەی گۆڕینی ئاین ئەوانی لە مەرگ دەپاراست (مرعي، ٢٠٠٨، ٦٩)، بۆیە چەوساندنەوەی مەسیحییەکان لە پەرتووکی "کردەوەی شەهیدان" بە شیوەیەکی دووورودرێژ نووسراوە، بەڵام هەستدەکرێت ئەم پەرتووکە بە شێوەیەکی دەمارگیرانە نووسرابێتەوە، بە ئەفسانە و زیادەڕۆیی کردن سەبارەت بە پرسی چەوساندنەوەی مەسیحییەکان ڕازێندرابێتەوە، هەرچەندە پشتیان بە چەند بەڵگەنامە و گێڕانەوە پشتڕاستکراوەکان بەستووە و بوونەتە سەرچاوەی ناساندن و ئاشکراکردنی ئەم ئازار و چەوساندنەوانەی بەرانبەر بە باوەڕدار و موژدەبەرانی مەسیحی کراوە (کریستنس، ١٩٥٧، ٢٥٥). شاپوری دووەم لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی خۆی زۆر بێبەزەییانە کەوتە گیانی باوەڕدارە مەسیحییەکان، ئەو دوژمنێکی سەرسەختی ئاینی مەسیحی بوو، هەرگیز متمانەی پێ نەبوون، بۆیە هەمیشە بەدوای هۆکارێک دەگەڕا بۆ ئەشکەنجەدان و قەڵاچۆکردنیان، ماوەی چل ساڵی تەواو هەوڵی گۆشەگیرکردنی باوەڕدارانی ئەو ئاینەی داوە، هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانیان و بڵاوبوونەوەیان لە ژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، چونکە لەو بڕوایەدابوو ئاینی مەسیحی هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاینی زەردەشتی، لەبەر ئەوە سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە بەرانبەر چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارە

مەسیحییەکان (Labourt, 1904, 50). قوستەنتین بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە پاراستنی مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانی، ساڵی ٣١٥ز نامەیەک بۆ شاپور دەنووسێت و پێی دەڵێت: "من دڵخۆشم بەوەی زۆرێک لە هەرێمەکانی وڵاتی فارس بە بوونی باوەڕدارانی مەسیحی ڕازاندراوەنەتەوە. من بەڵێنم پێ داون کە بە سەلامەتی لەژێر چاودێریی تۆ بن، هەروەها لەژێر پارستنی تۆدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن"، ئەمەش وای کرد لەجیاتی ئەوەی مەسیحییەکان پارێزراو بن، بەڵکو شاپور هەست بە دوودڵی و گومان بکات لە هەبوونی مەسیحییەکان، لەهەمانکاتدا وەک سیخوڕ بۆیان بڕوانێت و لە کاتی شەڕ وەک تابووری پێنجەم ببنە مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئیمپراتۆریەتی ساسانی (باومر، ٢٠٠٩، ٨٠). ئەوەی تێبینیدەکرێت ئەو نامەیەی ئیمپراتۆری ڕۆمانی وەک هەڕەشەیەک بووە بۆ شاپور، چونکە چۆن دەکرێت ئیمپراتۆرێک داوا لە وڵاتێکی ناکۆک لەگەڵ خۆی بکات، بۆ ئەوەی چاودێریی باوەڕدارانی ئاینەکەی بکات، ئەم نامەیە ئەوەندەی تر گومان و دوودڵی شاپوری بەرانبەر بە مەسیحییەکان زیادکرد (جلال، ٢٠١٠، ٧٤). بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت لە نێوان هەردوو وڵات، شاپور داوای گێڕانەوەی شاری نوسەیبینی کرد لە ئیمپراتۆری ڕۆم، وەک قەرەبووی ئەو زیانانەی لە ئیمپراتۆریەتی ساسانی کەوتوون، بەهۆی ئەو شاڵاوە داگیرکارییەی ڕۆم، بۆیە ئیمپراتۆری ڕۆم ڕەزامەندیی دەربڕی بە گێڕانەوەی شاری نوسەیبین بۆ ئیمپراتۆریەتی ساسانی (ویراش، ١٣٧٢، ٧٨). سەرەڕای هەموو ئەو هەنگاوانەی ئیمپراتۆری ڕۆم، بەڵام تا کۆچی دوایی شاپور، ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی سەر مەسیحییەکان هەر بەردەوام بوو، ئەوان لە بارودۆخێکی نالەبار دەژیان، ڕۆژانە تووشی چەندین جۆر سوکایەتیپێکردن دەبوونەوە، کەچی سەرەڕای هەموو ئەو گوشارەی لەسەریان، زۆر خۆڕاگربوون، توانیان لە بەرانبەر ئەو گوشارە دەروونییەی کاربەدەست و موبەدانی زەردەشتی پارێزگاری لە باوەڕی خۆیان بکەن (سایکس، ١٣٩١، ٥٦٦).

## ٣:٢شاپوری دووەم و سیاسەتی باوەرگرتن لە مەسیحییەکان

شاپور بەردەوام لە هەوڵی پێشخستنی ئاینی زەردەشتیدا بوو، چاکسازیی زۆری لە بواری ئاینی کرد، تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێت سنوورێک بۆ خێرا بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دابنێت، بەڵام هەڕەشەی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیی پێ ڕانەدەگیرا، بەردەوام لە بیانوویەک دەگەڕا بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت گورزێک لە باوەڕدار و موژدەبەرانی مەسیحی بدات و چاوترسێنیان بکات (نفیسی، ١٣٨٨، ٨٥ ؛ الاعظمي، ٢٠١٢، ٣٢). بۆ یەکەمین جار فەرمانێکی لە ساڵی ٣٤٠ز لە دژی باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی دەرکرد، بەپێی ئەو فەرمانە باجی قورس خرایە سەر باوەڕدارانی ئەم ئاینە، ئەمەش وایکرد بکەونە ژێر چەندین جۆرە ئەشکەنجەی دەروونی و گۆشەگیربکرێن (نویسنده ناشناس، ١٦٥٨، ٦٩/١). شاپور لە ساڵی ٣٤١ز فەرمانێکی بەنامە بۆ جاثلیق مار شەمعونی برسباعی ڕۆژهەڵات نارد، لە فەرمانەکە پێی ڕاگەیاند بوو کە دەبێت هەموو مەسیحییەکانی ژێر قەڵمڕەوی ساسانی ساڵانە دوو چەندانە باج بدەنە حکومەت، ئەمەش تەنیا بۆ فشار خستنە سەر باوەڕدارانی مەسیحی بوو، هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لە خێرا بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی بوو(نفیسی، ١٣٨٨، ٨٥ ؛ هەرشەمی، ٢٠١٨، ١٧٦ ؛ یار شاطر، ١٣٨٩، ٢٣٩/٣ ؛ الاعظمي، ٢٠١٢، ٣٢ ؛ دریایی، ١٣٨٣، ٧١).

شاپور بەهەموو شێوەیەک هەوڵیداوە ئاینی مەسیحی لە وڵاتەکەی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵتەکێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو شێوازێکی سیاسەتی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لاوزیان بکات، دواتر ناچاریان بکات بگەڕێنەوە سەر ئاینی زەردەشتی، یەکێک لەو سیاسەتانە سەپاندنی باج بووە لە سەر مەسیحییەکان، لە ساڵی ٣٤٤ز باج خرایە سەر باوەڕدارانی مەسیحی تا ئەو ڕادەیەی ناچاربوون هەژاری هەڵبژێرن بۆئەوەی بەردەوام بن لەسەر ئاینەکەیان (سوزومین، د.ت، ١٩٩)، یەکێک لە

سیاسەتە چەوسێنەرەوەکانی پیاوانی ئاینیی زەردەشتی لەساڵی ٣٣٩ز، پێش چەوساندنەوەی چل ساڵی، بریتیبوو لە سەپاندنی باجی زۆر بەسەر باوەڕدارە مەسیحییەکان، هەروەها خاپوورکردنی کڵێساکان و سووتاندنی دێرەکان، ئەمەش وای کرد ژمارەیەکی زۆری موژدەبەر و گەورەکانی مەسیحی ببنە قوربانیی ئەم چەوساندنەوەیە و شوێنەکانیان جێبهێڵن (عبدالواحد، ٢٠٠٧، ٨٥). ئامانج لەو سیاسەتەی پڕکردنەوەی خەزێنە بەتاڵەکانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بوو، چونکە لەکاتی ئابڵۆقەدانی شاری نوسەیبین تووشی خەرجییەکی زۆر بوو، بۆیە ئەمە هەوڵێک بوو بۆ دەستەبەرکردنی خەرجیی سوپا، بۆ ئەمەش باجێکی زۆری خستە سەر هەموو مەسیحییەکان لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانی بە تایبەتی بابل (ابونا، ١٩٨٥، ٤٢/١). ئامانج لە سیاسەتی دوو بەرانبەر باج خستنە سەر مەسیحییەکان لەلایەن شاپور، وێڕای ئەوەی دەیویست ناچار بە گەڕانەوەیان بکات بۆسەر ئاینی زەردەشتی و دەستبەرداری ئاینە نوێیەکەیان بن، لەهەمان کاتیشدا جووەکان کاریگەرییان لەسەر شاپور هەبوو، چونکە پڕوپاگەندەی ئەوەیان لەلایی شاپور دەکرد، کە گوایە شەمعون بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم هەیە، ئەمە شاپوری خستبوویە دڵەڕاوکێیەکی زۆر (سوزومین، د.ت، ١٩٨_١٩٩). ئەمانە هەموو بوونە هۆکاری نیگەرانیی شاپور، بۆیە نامەیەک بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەنووسێت و دەڵێت: "شەمعون برسباعی دەسگیربکەن، با ناچار بێت بۆ ئەوەی دوو بەرانبەر باج لە مەسیحییەکانی سەرزەمینی ئێمە وەربگرێت، چونکە ئەو خاکەی ئەوان لەسەری دەژین خاکی خواوەندەکانی ئێمەیە "(روشدی، ٢٠٠٦، ٢٩)، بەڵام شەمعون برصباعی سەبارەت بە پێشنیازی پاشا بە بەرپرسان دەڵێت: "سەبارەت بەوەی پاشا داوای لەمن کردووە کە باج لە مەسیحییەکان وەرگرم، بەڵام ئەوە کاری من نییە، ڕەتیدەکاتەوە ئەو فەرمانەی پاشا جێبەجێبکات"(شیر، ١٩١٣، ٦٥/٢ ؛ حبي، ٢٠١٣، ٣٧٧). ئەم وەڵامە ئیمپراتۆر توورە دەکات، چونکە فەرمانی ئیمپراتۆر هەرگیز ڕەتنەکراوەتەوە، ملکەچ نەبوونی موژدەبەرە و

ئۆسقۆفەکانی مەسیحی بۆ فەرمانی ئیمپراتۆر لێکەوتەی زۆری لێکەوتەوە، بوو بە سەرەتای دەسپێکردنی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرەستانە و توندڕەوانە لەلایەن کاربەدەستانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی لەهەموو سنووری ئەو ئیمپراتۆریەتە، دژ بە باوەڕدارە مەسیحییەکان (سوزومین، د.ت، ٢٠٠). ئیتر تۆمەتی زۆر بۆ موژدەبەر و ئۆسقۆفە مەسیحییەکان هەڵبەسترا، شەمعون بە ناپاک و هەڵگەڕاوە تاونبارکرا، ئیتر هەر لەبەر ئەو ملکەچنەبوونە بڕیاری کوشتنی باوەڕدار و قەشە و ئۆسقوفە و کاهینەکانی مەسیحی درا (شیر، ١٩١٣، ٦٦/٢). هەرچەندە ئەم فەرمانەی ئیمپراتۆر بۆ ماوەیەک دواخرا، بۆ ئەوەی دەرفەتێک بێت بۆ شەمعون بۆ ئەوەی هەڵی گەڕانەوەی بۆ سەر ئاینی زەردەشتی لەدەستنەدات، وێڕای ئەشکەنجە و سیاسەتی بە زۆر گێڕاندنەوەیان بۆ سەر ئاینە کۆنەکەیان، بەڵام شەمعون و باوەڕدارە مەسیحییەکان ڕەتیانکردەوە بگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینی زەردەشتی (سوزومین، د.ت، ٢٠١).

## ٣ :بارودۆخی مەسیحییەکانی کوردستان لە سەردەمی شاپوری دووەم

### ١:٣هەڵوێستی شاپوری دووەم بەرانبەر مەسیحییەکانی کوردستان

مەسیحییەکانی شارە کوردستانییەکان ڕووبەڕووی چەوساندنەوەیەکی توندی ساسانییەکان بوونەوە، چەوساندنەوە لە ویلایەتەکانی بەیت گرمای و حەدیاب و چەند ویلایەتێکی تر بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەستیپێکرد(اسماعیل، ٢٠٠٩، ١٤٣٤ ؛ برصوم، ١٩٩٧، ٨٢). لە ساڵی ٣٢٨ز (مار معنا)ی ئۆسقۆفی[٩] شاری کرخ سلوخ کوژرا، لەو ڕۆژگارە مەسیحییەکانی ئەو شارە بە توندی چەوسێندرانەوە، زۆرێک لە کڵێساکانیان خاپوور کران و ماڵ و موڵکی خەڵکی مەسیحی دەستی بەسەرداگیرا (شیر، ١٩١٢، ١٧٣/١)، لە ساڵی ٣٣٧ز قوستەنتینی

ئیمپراتۆری ڕۆم هەڵمەتێکی گەورەی کردە سەر ساسانییەکان، لەگەڵ خۆی چەند ئۆسقۆفێکی مەسیحی برد بۆ ئەوەی نوێژبکەن و نزابکەن و بپاڕێنەوە بۆ سەرکەوتنی ڕۆم، لەبەر ئەوە پاش ئەم هەڵمەتەی ڕۆمەکان شتێکی نامۆ نەبوو کە مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانی تووشی چەوساندنەوەیەکی توند ببنەوە (لوریمر، ٢٠١٣، ١٣٠)، لە سەردەمی شاپوری دووەم، لەژێر کاریگەریی پیاوانی ئاینی زەردەشتی، چەوساندنەوەیەکی بەرفراوان دژی موژدەبەر و باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی لە سنووری قەڵمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەستپێکرد (اسماعیل، ٢٠٠٩، ١٤٣٤)، لە ساڵی ٣٤٠ز زۆرێک لە موبەد و پیاوە ئاینییەکانی زەردەشتی کۆبوونەوە، گوشاریان خستەسەر شاپور بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دابنێت، چونکە ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیاد بوون دەکرد، بە شاپوریان گوت: "ئێمە ناتوانین ڕێ و ڕەسمە ئاینییەکانمان بە باشی جێبەجێبکەین لەبەرئەوەی مەسیحییەکان سووکایەتی بە خواکانمان دەکەن"(شیر، ٢٠٠٩، ١/١٨٨)، چونکە دەسەڵاتی ئاینی بەدەست موبەدەکان بوو، فتوای ڕۆحی و دەستەی دادوەری لێکۆڵینەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتەش هەر بەدەست پیاوانی ئاینیەوە بوو، بۆیە ئەوان بڕیاردەر و باڵادەستترین چینی ئێران بوون، ئەو گوشارەی ئەوانیش کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر دەرکردنە بڕیار لەلایەن ئیمپراتۆر(اسماعیل، ٢٠٠٩، ١٤٣٤).

مێژوونووسانی کڵێسا دوو ناوەندی سەرەکی ناودەبەن کە زۆرترین لەسێدارەدان و کوشت و بڕی مەسیحی و قەشەکان و کاهینەکان و باوەڕدارانی تێدا ئەنجامدراوە، بۆیە ئەم ناوەندانە بە گەورەیی و سەروەری مانەوە بۆ ئەو شەهیدانە، کە بوونە قوربانیی ئەو چەوساندنەوە گەورەیەی لە سەردەمی شاپوری دووەم ئەنجامدران، یەکێک لەوان لە پایتەخت و لە کۆشکی پاشا لە شاری کرخ دی لیدان و

دووەمیان لە ناوچەی ئەدیابین بوو(بیغولوفسکایا، ۱۹۷۹، ۲۷۷ ؛ نفیسی، ۱۳۹۲، ۱۹)، بەڵام لەهەمانکاتدا چەند ویلایەتێکی تریشی گرتەوە، کە سیاسەتی چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی تێدا ئەنجامدرا(برصوم، ۱۹۷۷، ۸۲).

هەموو ئەو ماوەیەی قوستەنتین پاشای ڕۆمانیا بوو، کە ماوەکەی سی و سێ ساڵ بوو، لە ژێر قەڵمڕەوی ئیمپراترۆیەتی ڕۆمانی باوەڕدارانی مەسیحی نەدەچەوسێنرانەوە، ئەو ئازادییەی وڵاتی ڕۆم لەلای شاپور جێگای گومان بوو، بۆیە چەوساندنەوە لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی پەرەیسەند، تا ئەوڕادەیەی شاپور زۆرێک لە کڵێساکانیشی خاپوورکرد بۆ ئەوەی ئەم ئاینە لە ڕیشەوە هەڵکێشێت (شیر، ۲۰۰۹، ۱۹۳/۱). ساڵی ۳٤۰ز لە ئەنجامی سەرکێشی و تووڕەیی شاپور، چەوساندنەوە زۆر بە خەستی لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەستیپێکرد (برصوم، ۱۹۹۷، ۸۳). مار شەمعون برسباعی و ۱۰۳ کەس لە موژدەبەر و باوەڕدار و هاوەڵانی دەسگیرکران و ڕەوانەی بەندیخانە کران، بە بیانووی ناپاکیکردن لە پاشای ساسانی، ئەوان بوونە سەرقافڵەی کوژراوەکان، ئەم ڕووداوە سەرەتای دەسپێکی چەوساندنەوەیەکی دژوار بوو بۆ پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی(ابونا، ۱۹۸۵، ٤٤). لە ساڵی ۳٤۱ز مار شاهدۆست[۱۰] کە پاش مار شەمعون برسباعی هاتە سەر کورسی مەداین دەسگیرکرا (ابونا، ۱۹۸۵، ۳۹)، بردیان بۆلای شاپور، ئەویش پێی گوت: "من شەمعونی سەرۆکی مەسیحییەکان و کۆمەڵێک لەگەورەکان و قەشەکانی مەسیحیم کوشت، ئێستاش بوومەتە سەرۆکی گەلێک کە خۆشمناوێن"، لە وەڵامدا شاهدۆست پێی گوت: "خوای گەورە بۆ ئەوان گەورە دیاریدەکات و هەڵدەبژێرت، هەر وەکو ئاوی دەریا نابڕێت و تەواو نابێت، بەهەمان شێوە مەسیحییەتیش کۆتایی نایەت و لەناوناچێت، بەڵکو تاوەکو زیاتر بیانکوژی زیاتر دەبن". ئەم وەڵامەی شاهدۆست شاپور تووڕە و پەست دەکات، بۆیە فەرمان بە شاهدۆست

دەکات بگەڕێتەوە سەر ئاینی زەردەشتی، بەڵام ئەو وەک باوەڕدارێک ڕازی نابێت بگەڕێتەوە سەر ئاینە کۆنەکەی، بۆیە شاپور کاتێک هیچ وەڵامێکی لەو دەستناکەوێت فەرمانی کوشتنی دەدات (مؤلف مجهول، ٢٠١٠، ٨٠/١)، لەگەڵ ١٢٨ کەسی تر لە ئۆسقۆف و قەشە و ڕەهبانەکان لە ٢٠ی شوبات ساڵی ٣٤٢ کوژرا، مار شاهدۆست بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە سەری لە لاشەی جیاکرایەوە(ابونا، ١٩٨٥، ٣٩/١ ؛ شیر، ٢٠٠٧، ١٠٠/٢). لە ساڵی ٣٤٢ز بەدواوە لە ناوچەکانی بیت گرمای و حەدیابین بەردەوام موژدەبەر و باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی گۆشەگیر کراون و چەوسێندراونەتەوە (نفیسی، ١٣٩٢، ١٩). لە ساڵی ٣٤٥ز بە فەرمانی ئەدورفەر فەرمانڕەوای شاری ئەربیل ئۆسقۆفی شارەکە بە ناوی ئەبراهام دەستگیرکرا، پاش ئەوەی بە خراپترین شێوە ئازاریاندا، فەرمانی پێکرد کە دەبێت سوژدە بۆ خۆر ببات، بەڵام ئەو لەژێر ئەشکەنجە و ئازارەکەیدا بەردەوام دەیگوت: "من باوەڕم بە خوایەکە کە تاک و تەنیایە، تەنیا سوژدە بۆ ئەو دەبەم، هەر ئەویش دەپەرستم، لە باوەڕەکەم پەشیمان نابمەوە"، هەرچەندە زۆر هەوڵیان لەگەڵ دا لە بیروباوەڕەکەی پەشیمانی بکەنەوە، بەڵام ئەو دەستبەرداری ئاینەکەی نەبوو (شیر، ٢٠٠٩، ٢٦٣/١). ئەوەبوو لە ئەنجامی سیاسەتی کوشتن و چەوساندنەوەی مەسیحییەکان کڵێسای ڕۆژهەڵات ماوەی چل ساڵ بەبێ سەرۆک مایەوە (لوکوز، ٢٠٢٠، ٤٢/١).

### ٢:٣ ئازار و ئەشکەنجەی مەسیحییەکانی حەدیاب

لە ساڵی ٣٤١ز شاپوری دووەم بە فەرمی فەرمانی کۆمەڵکوژیی موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەرکرد، هەرچەندە فەرمانە سەرەتاییەکە بە فەرمی بڵاونەکرایەوە، بەڵام ئەشکەنجەی باوەڕداران و سیاسەتی قەڵاچۆکردنی ئاینی مەسیحی وەک بەڵایەکی هەمیشەیی لە سنووری ئەو ئیمپراتۆریەتە مایەوە(نویسندە

ناشناس، ١٦٥٨، ٦٩/١). لە هەرێمی حەدیاب بەهۆی وریایی و بەخشندەیی فەغرەسبی فەرمانڕەوا، دەگوترا لە سەردەمی ئەو ژمارەیەکی کەم لە باوەڕدارە مەسیحییەکان کوژراون، بەڵام پاش کۆچی دوایی ئەم فەرمانڕەوایە، تەمشاپور هاتە سەرتەختی فەرمانڕەوایی، لەگەڵ هاتنی بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی، خوێنی مەسیحییەکان وەک ڕووبارێکی نەبڕاوە شەپۆڵیدەدا، وەک لافاو بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، ئەمەش بەهۆی قوتابییەکانی شەیتان، ئەم سەر زەوییە پڕبووبوو لە تاوان و گوناح (زخا، ٢٠٠١، ٩٠). بۆیە گۆشەگیری لە حەدیاب بەهەمان شێوەی هەرێمەکانی تری ئیمپراتۆریەتەکە دەستپێکرد و توندوتیژ بوو، ئەردەشێری نوێنەری شاپور زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵ موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی دەکرد، لە نزیکەوە چاودێریی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دەکرد، ئەمەش وایکرد ئەم گۆشەگیرییە بەردەوام بێت تا ساڵی ٣٧٦ی زاینی (نویسندە ناشناس، ١٦٥٨، ٦٩/١). سیاسەتێکی زۆر توندوتیژی بەرانبەر باوەڕدار و مەسیحییەکانی هەرێمی حەدیاب بەکارهێناوە، هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی بەکارهێناوە، بەرد بارانکردنی موژدەبەرەکان تاوەکو گیانیان دەرچووە، یەکێک بووە لە ئەشکەنجە باوەکانی سەردەمی شاپوری دووەم(Wiesehofer, 2001, 156).

لە هەرێمی حەدیاب ڕووداوگەلێکی زۆر ڕوویاندا، سەرەتایەکی پڕ لە نەهامەتی بوو بۆ موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکان، لە ساڵی ٣٤٣ز یۆحەنا ئۆسقۆفی شاری ئەربیل بە فەرمانی تەمشاپور فەرمانڕەوای شارەکە دەسگیرکرا و خرایە زیندان، یەک ساڵ لە زیندان مایەوە، پاش ئەشکەنجە و ئازاردانێکی زۆر، وێڕای بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک لەسەر جەستەی، بۆ ئەوەی پاشگەز ببێتەوە لە چوونی بۆ سەر ئاینی مەسیحی، بەڵام ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئاینە نوێیەکەی بێت و بگەڕێتەوە سەر ئاینی زەردەشتی، ئەم پێداگیرییەی بوو بە هۆکاری کوشتنی، کە دواجار سەری لە لاشەی جیاکرایەوە (نفیسی، ١٣٩٢، ٢٠).

مار یوحنا قەشەی هەولێر کە یەکێک بوو لە موژدەبەرە مەسیحییەکان، باوەڕ و خۆشەویستییەکی زۆری هەبووە بۆ ئاین و پێغەمبەرەکەی، ئەو لەبەر خۆشەویستی بۆ مەریەمی دایکی عیسا پێغەمبەر، نازناوی کوڕی مەریەمی هەبووە (زخا، ٢٠٠١، ٨٥)(شیر، ٢٠٠٩، ٢٥٨/١). یەکێک بووە لەو ئۆسقۆفانەی باوەڕەکەی زۆر بەهێز بووە، ئارەزوویەکی زۆری هەبووە بۆ خواپەرستی و ئاینی مەسیحی (الكلداني، ١٩٠٥، ٨٥/١_٩٠). لە ساڵی ٣٤٤ز هەوڵی دەسگیرکردنی دەدرێت، بەڵام ئەو خۆی بەدەستەوە نادات و خۆی دەشارێتەوە (زخا، ٢٠٠١، ٨٥)، هەندێک سەرچاوە دەڵێن لەلایەن تەمشاپور فەرمانڕەوای شاری ئەربیل دەسگیر دەکرێت، پاش مانەوەی یەک ساڵ لە زیندان ڕەوانەی لای شاپوری ئیمپراتۆر دەکرێت لە بەیت لافات، شاپور داوای لێ دەکات پەشیمان ببێتەوە لە چوونی بۆسەر ئاینی مەسیحی، بەڵام ئەو مردن هەڵدەبژێرێت لە بەرانبەر پاشگەزبوونەوە لە بیروباوەڕەکەی، بۆیە لەگەڵ پۆلێک لە باوەڕدارە مەسیحییەکان دەیکوژێت (شیر، ٢٠٠٩، ٢٥٨/١_٢٥٩ ؛ شیر، ١٩١٣، ٨٠/٢).

پاش دەسگیرکردنی مار یوحەنا، باوەڕدارە مەسیحییەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی کەسێک وەک جێنشین بۆ ئۆسقۆفیەی ئەربیل دیاربکەن، مار ئەبراهام دەبێتە جێنشین و ئۆسقۆفی شارەکە (شیر، ١٩١٣، ٨٠/٢)، بەڵام هەر زوو لەلایەن فەرمانڕەوای شارەکە دەسگیردەکرێت، ماوەیەک لە بەندیخانە بەنددەکرێت، سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو جۆرە ئەشکەنجیەک، بەڵام ئامادەنابێت سوژدە بۆ خۆر ببات، وێڕای سەختیی ئازار و ئەشکەنجەکەی، کەچی بەرگەدەگرێت، بۆیە لە ساڵی ٣٤٥ز لەلایەن ئەدۆرفەری فەرمانڕەوای شارەکە دەکوژرێت (نفیسی، ١٣٨٨، ٢٠ ؛ شیر، ٢٠٠٩، ٢٦٣/١ ؛ زخا، ٢٠٠١، ٩٢). لە کاردانەوەیەکی تردا لە ساڵی ٣٤٦ز مار حەنانیای ئەربیلی دەسگیرکرا، پاش ئەوەی بەهۆی ئەشکەنجەوە قاچ و دەستی شکێندرا، لەژێر کاریگەریی ئەو ئەشکەنجەیە کۆچی دواییکرد (شیر، ٢٠٠٩، ٢٦٧/١). چەوساندنەوەی مەسیحییەکان ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە

زیادبوون دەکرد، لە ساڵی ٣٤٧ز ئۆسقۆف یەعقوب و خوشکەکەی مەریەم لەلایەن نرسا تەمشاپور کوژران (شیر، ١٩١٣، ٨١/٢).

لە ساڵی ٣٥٥ز هەردوو باوەڕداری ئاینی مەسیحی ئیتەلهی و حەفسەئی کوژران، ئیتەلهی یەکێک بوو لە قەشەکانی شاری هەولێر، ئەو کات بەهۆی گوشارەکانی بەرپرسانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بۆ سەر موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی لە ئەربیل، لەگەڵ زۆرێک لە باوەڕدار و موژدەبەران ئەو شارەیان جێهێشت، چوونە دەرەوەی شارەکە، بەڵام لە نزیک شار دەسگیرکران و بە زنجیر دەستیان بەسترا و گەڕێندرانەوە بۆ ناو شار، پاش بڕیاری نەگەڕانەوەیان بۆ سەر ئاینی زەردەشتی دا لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر کۆچی دواییان کرد (نفیسی، ١٣٨٨، ٢٠_٢١). تا دەهات چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی بەردەوام بوو، لە ساڵی ٣٥٦ز بەرحەدبشبا شەماش ئۆسقۆفی شاری ئەربیل، بە فەرمانی تەمشاپور دەسگیرکرا، پێیگوت: "دەبێت ڕێز لە ئاگر و ئاو بنێیت و کڕنۆش بۆ خۆر ببەیت و بگەڕێتەوە سەر ئاینی زەردەشتی"، بەڵام بەرحەدبشبا لە وەڵامی فەرمانڕەوا بە گاڵتە و پێکردنێکەوە گوتی: "تۆ خۆت بەچی دەزانی ئەی دووڕوو، تۆ پێتوایە دەبێت من خوای ڕاستەقینەی خۆم فەرامۆشبکەم و کڕنۆش بۆ خوا درۆینەکانی ئێوە ببەم" پاش ئەوەی ئامادەنەبوو بگەڕێتەوە سەر ئاینی زەردەشتی، سەری لە لاشەی جیاکرایەوە (شیر، ٢٠٠٩، ٢٨٨)، هەر لەو ساڵەدا یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئاینی زەردەشتی، بە ناوی ئیسالاها تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەبێت، دەگوترێت هیچ کەسێک نەیتوانیوە چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات، دوو ساڵ بەو نەخۆشییەوە ناڵاندوویەتی، بەڵام ڕۆژێک یەکێک لە باوەڕدارە مەسیحییەکان ڕێنوێنی دەکات، بۆ ئەوەی سەردانی ئۆسقۆفی شارەکە بکات بە ناوی ماران زخا، پاش ئەوەی سەردانی ئۆسقۆف دەکات، نەخۆشییەکەی بە تەواوی چارەسەردەبێت (شیر، ١٩١٣، ٨٢/٢)، ئەم ڕووداوە وا دەکات باوەڕ بە

ئاینی مەسیحی بێنێت، ئەم ڕووداوە ئاشکرا دەبێت و ڕەنگدانەوەی زۆری دەبێت لە ناوچەکە، بۆیە تەمشاپور بۆ شاردنەوەی ئەم دەنگۆیانە، فەرماندەکات هەموویان دەسگیربکرێن و لەناوببرێن (شیر، ٢٠٠٩، ٢٩٠/١)، ئەو هەڵوێستەی تەمشاپور بۆ ئەوەبووە کە ئەم ڕووداوە کاریگەری نەکاتە سەر هزر و بیری خەڵکی بۆ ئەوەی نەبێتە فاکتەری چوونی خەڵک بۆ سەر ئاینی مەسیحی (شیر، ١٩١٣، ٨٢).

تا دەهات کاردانەوەی شاپور بەرانبەر بە موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی توندتر دەبوو، لە ٢٢ەمین ساڵی چەوساندنەوەی چل ساڵی کاتێک چوو بۆ شەڕی ڕۆمەکان، پاش گەیشتنی بە ڕووباری فوڕات، فەرمانی کرد دەبێت هەمووان کڕنۆش بۆ خۆر و مانگ و ئاگر ببەن، ئەو موژدبەرانەی ڕەتیانکردەوە کە فەرمانەکە جێبەجێبکەن، بریتی بوون لە بەرکشیوع، عەبد یەشوع، شاپور، سەنتروق، هرمزد، هازەرشاپور، هەلفید، ئەیس الله، لەگەڵ چەند کەسێکی تر کە هەموویان دوادزە کەس بوون، لەگەڵ دوو ئافرەت بە ناوەکانی فوبە و هەلمدور، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە پاشگەزببنەوە لە ئاینەکەیان لە ترسی ئیمپراتۆری ساسانی، بۆیە فەرمانی کوشتنی بەسەر سەپاندن(شیر، ٢٠٠٩، ٣١٨/١). لە ساڵی ٣٦٢ز شەڕێکی گەورە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و ساسانی هەڵگیرسا، ساسانییەکان توانییان قەڵای فێنک[١١] لە هەرێمی بەیت زبدە داگیربکەن، بەمەش ڕەوشی باوەڕدارە مەسیحییەکان کەوتە قۆناغێکی زۆر دژوار، بۆیە هەر دوو ساڵ پاش ئەو شەڕە، خەڵکی ناوچەکە دژی سیاسەتەکانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی ناڕەزاییان نواند، بۆیە شاپور ئۆسقۆفی ناوچەکەی کە ناوی هلیۆدۆر بوو لەگەڵ نۆ هەزار کەسی تری مەسیحی ڕاگواستەوە بۆ ناوچەی خووزستان(Labourt, 1904, 78 ؛ نفیسی، ١٣٨٨، ٢١ ؛ کرستنس، ١٩٥٧، ٢٥٥). مەبەستی لەو ڕاگواستنە ئەوەبوو کە سنوورێک بۆ خێرا بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دابنێت، لەلایەکی تریش مەترسی بوون بۆ سەر پێگەی ساسانییەکان لە ناوچەکە،

بۆیە دوای ڕاگوستنیان بۆ خووزستان، ئیمپراتۆری ساسانی لەوێش هەستی بە مەترسی هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی مەسیحییەکان کرد، بۆیە فەرمانی بە فەرمانڕەوای خووزستان کرد، هەموویان بەشبەش بکات و دابەشی سەر شوێنە جیاوازەکانیان بکات (نفیسی، ١٣٨٨، ٢١).

ساڵی ٣٧٤ز لە کردەوەیەکی تردا، هەر یەکێک لە یەعقوب ئۆسقۆفی دێی ئەسفەرجەلتە و ئازاد شەماس، لە هەرێمی حەدیاب دەستگیرکران، ماوەی شەش مانگ لە شاری ئەربیل زیندانیکران، ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆریان دان، سرکەیان لە برینەکانیان دەکرد، بۆ ئەوەی ئازاری زۆر بچێژن، ئەمەش بۆ گوشار خستنەسەریان بوو تاوەکو واز لە باوەڕەکەیان بهێنن و بگەڕێنەوە سەر ئاینی زەردەشتی، بەڵام وێڕای سەختیی ئەشکەنجە و ئازارەکەیان، زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی ئەو سەختییە بوونەوە (شیر، ٢٠٠٩، ٣٢٨/١). لە هەمان ساڵدا عەبدیەشوع ئۆسقۆفی شاری کەشکەر[١٢]، بەهۆی سیخوڕیکردنی برازیەکیەوە لەلایەن کاربەدەستانی ساسانی لە شارەکە دەسگیرکرا، بە بیانووی ئەوەی کە هەموو نهێنییەکانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەگوازێتەوە بۆ ڕۆمەکان، هەروەها گاڵتە بە ئاینی زەردەشتی دەکات و دژی پیرۆزییەکانی ئاینی زەردەشتی پڕوپاگندە هەڵدەبەستێت (نفیسی، ١٣٨٨، ٢٢). ساڵی ٣٧٦ز مار ئیسالاها قەشەی (دەستگرد[١٣]) لەگەڵ هاوڕێکانی ئۆسقۆف عەقبشەما و یوسفی کاهن، بەردبارانکران و کوژران (مرعي، ٢٠٠٨، ١٠٤). سیاسەتی چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکان لە سەردەمی شاپوری دووەم لە ساڵی ٣٤١ز دەستپێکرد و لە ساڵی ٣٧٩ز بە کۆچی دوایی شاپور کۆتاییهات(شیر، ١٩١٣، ٦٦/٢)، لەم ماوەیەدا مەسیحییەکان قوربانییەکی زۆریان دا لە پێناو بیروباوەڕەکەیان، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەریان هات، سووربوون لەسەر پابەندبوون بە ئاینەکەیان. هەرچەندە شاپور بەپێی ئەو بەیاننامەیەی دەریکرد بوو، بڕیاریدا کە چیتر مەسیحییەکان نەچەوسێنێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدار و پیاوە

ئاینییەکانی ساسانی تەنگیان بە ئۆسقۆف و موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکان هەڵچنیبوو، ئەوەش لەبەرئەوە بوو، چونکە ئاینی مەسیحی بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووبوویەوە، بە تایبەتی لە هەرێمی حەدیاب، کە بەشێکی سەرەکی بوو لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی (سوزومین، د.ت، ٢٠٩). لەگەڵ هەموو ئەمانەش شاپور لە ژێر کاریگەریی موبەدانی زەردەشتی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی هەرچی نەهامەتی و کوێرەوەریی ئیمپراتۆریەتی ساسانییە هۆکارەکەی هەمووی ئاینی مەسیحی و باوەڕدار و موژدەبەرەکانیەتی، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی دەیگوت: "مەسیحییەکان گەندەڵییان خستووەتە ناو پەروەردەکەمان و خەڵک فێر دەکەن تەنیا خوایەک بپەرستن، کڕنۆش بۆ خۆر نەبەن، ئاگریان بەلاوە پیرۆز نەبێت، ئاو پیس بکەن، هەروەها هزر و بیری خەڵکی بشۆنەوە بە ڕق و کینە""(Wiesehofer, 2001, 156).

## ٣:٣ ئازار و ئەشکەنجەی مەسیحییەکانی بیت کرخ سلوخ (کەرکوک)

بیت کرخ سلوخ یەکێک بوو لەو شارانەی هەر لە زووەوە بوو بە مەڵبەندێکی فراوانی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی (ابونا، ١٩٨٥، ٢٦٣/١)، کۆنترین مەڵبەندی کڵێسای مەسیحی بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر ئۆسقۆفی ناودار لە ناوچەکە هەڵکەوتوون و خزمەتی زۆریان بە ئاینی مەسیحی کردووە (احمد، ٢٠٠٢، ٤٦)، مار سبریشوع یەکێک بوو لەو ئۆسقۆفانەی خزمەتێکی زۆری کڵێسای مەسیحی کردووە لە ناوچەی بیت گرمای، بەڵام بەهۆی نەخۆشیی تاعون زوو کۆچی دوایی کردووە، بۆیە هەر لەو کڵێسایە نێژراوە کە بە خۆی بنیاتی نابوو (البصري، ٢٠٠٦، ١٦٣). هەرێمی بیت گەرمای هەر زوو بوو بە ناوەندی چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی، کردەوەی شەهیدانی سریانی سەبارەت بە ئازار و ئەشکەنجەی مەسیحییەکان لە ئیمپراتۆریەتی

ساسانی، داتایەکی بەنرخە لەسەر مێژوو و جوگرافیای ناوچە کوردییەکان، یەکێک لەو بەرهەمانە تایبەتە بە شەهیدبوونی دوو برا بە ناوەکانی ئێدوار باروی و مێهر نێرسی و خوشکەکەیان بە ناوی مەهدوخت، لە چیای بەران لە دەوروبەری شاری بیت کرخ سلوخ پایتەختی ناوچەی باگرمی، ئەم ڕووداوە لە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایەتیی شاپوری دووەم بوو لە ساڵی ٣١٨ز (مرعي، ٢٠٠٨، ٩٥).

تا دەهات مەترسیی ساسانییەکان زیاتر دەبوو، سەبارەت بە خێرا بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە ژێر قەڵەمڕۆیی ساسانی، بۆیە بۆ ڕێگەگرتن لەو خێرا بڵاوبوونەوەیە فەرمانڕەوای شارەکە بە فەرمانی ئیمپراتۆری ساسانی زۆر بە توندی مەسیحییەکانی چەوساندەوە، لە ساڵی ٣٤٣ز یەوە ئەشکەنجە و ئازاردانی موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی بیت کرخ سلوخ بە فەرمی دەستیپێکرد، تاوەکو کۆتایی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شاپوری دووەم هەر بەردەوام بوو، زۆرێک لە موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی لەو ناوچەیە بوونە قوربانیی بیر و باوەڕی خۆیان و هەستی ڕەگەزپەرستانەی فەرمانڕەوا ساسانییەکان (ابونا، ١٩٨٥، ٤٨/١). ئازەرگوشنەسب فەرمانڕەوای بیت کرخ سلوخ ڕکوکینەیەکی زۆری هەبوو بەرانبەر بە موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی شارەکە، بۆیە بەردەوام بوو لە چەوساندنەوە و لەناوبردنی مەسیحییەکان، لە هەڵمەتێکدا هەریەکە لە داتاق و تەقلا بە فەرمانی ئازەرگوشنەسب دەسگیرکران و کوژران (شیر، ٢٠٠٩، ٣٦٠/١)(ابونا، ١٩٨٥، ١٧٠/١).

ساڵی ٣٤٣ز لەبەر ئەوەی شاپور خۆی لە ناوچەی بێت گەرمایی بوو، بۆ سەرپەرشتیکردنی مەیدانی جەنگ و هێرشکردنە سەر قەڵمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بۆیە لە ناوچەکانی بێت گەرمای و حەدیاب بە چڕی چەوساندنەوەی موژدەبەر و باوەڕدارانی مەسیحی دەستیپێکرد، ئەردەشێری برای ئیمپراتۆر خۆی سەرپەرشتی چەوساندنەوەکانی ئەو

ناوچانەی دەکرد (شیر، ١٩١٣، ٧٨/٢). هەر لەو ساڵەدا چەوساندنەوەی موژدەبەرە مەسیحییەکان زیاتر بەربڵاوبوو لە ناوچەکە، بۆیە زۆر لە ئۆسقۆف و کەسایەتییە ئاینییەکانی مەسیحی کەوتنە بەر شاڵاوی توندوتیژیی ساسانییەکان، مار ئیسحاق یەکێک بوو لەوانەی بە فەرمانی فەرمانڕەوای بیت کرخ سلوخ بەردباران کرا تا گیانی لەدەستدا، هەروەها مار پاپا یەکێکی تر بوو لەو قوربانییانەی شارەکە کە بە فەرمانی ئەردەشێری فەرمانڕەوای ساسانی لە هەرێمی حەدیاب کوژرا (شیر، ١٩١٣، ٧٩/٢).

لە سەردەمی مار مەعنا ئۆسقۆفی شاری بیت کرخ سلوخ سیاسەتێکی توندوتیژ لەلایەن فەرمانڕوای ناوچەکە دژی موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکان پەیڕەوکرا، تەنیا بە کوشتنی مەسیحییەکان نەوەستان، بەڵکو کڵێساکان وێران و خاپوورکران و ئازار و ئەشکەنجەیەکی توندی باوەڕدارەکان درا، مەبەست لەو سیاسەتە تەنیا ئازاردانی مەسیحییەکان نەبوو، بەڵکو پەرچەکردارێک بوو بەرانبەر بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (ابونا، ١٩٨٥، ٢٦٤/٢). لە ساڵی ٣٤٤ز هەر یەکە لە نەرسای ئۆسقۆفی شاری شهرقرد و قوتابییەکەی بە ناوی یوسف کەوتنە بەر شاڵاوی شاپوری دووەم، هەرچەندە ئۆسقۆف تەمەنی زۆر گەورە بوو، یوسفی قوتابیشی تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ، بەڵام زۆر بێبەزەییانە سەریان لە لاشەیان جیاکرایەوە (فییە، ٢٠٠٥، ٢٧٢)، ئەوەی تێبینیدەکرێت موژدەبەرە مەسیحییەکان، باوەڕیان ئەوەندە بەهێز بووە، تا ئەو ڕادەیە کاریگەریی زۆری بیروباوەڕەکەیان لەسەر بووە، کە هیچ شتێک نەیترساندوون و پاشەگەزی نەکردوونەتەوە لە باوەڕ و ئاینەکەیان، ئەو کاتەی دەیهێننە دەرەوە بۆ سزادان، چاو لە هەموویان دەکات، بۆیە یوسف بە مامۆستاکەی دەڵێت: "مامۆستای ڕێزدار لە چی دەڕوانی؟ سەیرکە خەڵکەکە سەیری تۆ دەکەن، بۆ ئەوەی هەر کاتێک بێت و بێیت ڕزگاریان بکەیت، بەڵام تۆش وا خەریکە بە ڕێگاکەتدا دەڕۆیت، بەبێ

گوێدانە ئەو هەموو خەڵکە"، مار نەرسا وەڵامی یوسف دەداتەوە و دەڵێت: "ئەی یوسفی پاک و بەختەوەر، چونکە تۆ بە توندی دەستت بە پەتەکانی جیهان نەگرت، بەڵکو بە خۆشحاڵییەوە چوومە ناو دەرگا تەسکەکەی مردن"(شیر، ١٩١٣، ٧٩/٢). هەرچەندە دەکرێت بگوترێت زیادەڕۆییەکی زۆر کراوە لە باسکردنی هەموو ئەو ڕووداو و ئەشکنجە و ئازارە ناخۆشانەی بەسەر موژدەبەر و باوەڕدارە مەسیحییەکاندا هاتوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆری کوژراوان بەپێی سەرچاوە سریانییەکان، ڕەنگە جێگای باوەڕ نەبێت، چونکە تێبینیدەکرێت ئەو ژمارانە دووربن لە ڕاستییەوە، بۆ ئەو سەردەم کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە ڕەنگە لە ڕووی کرداریشەوە کارێکی هەر وا ئاسان نەبووبێت (کرستنس، د.ت، ٢٥٥).

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەمان، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆر و جیاواز و هەندێکیان تاڕادەیەک بێ لایەن، گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١-زۆربەی شێوازە توندوتیژییەکان بە یەک شێواز گێڕدراونەتەوە لەلایەن پیاوانی ئاینیی مەسیحی، وەک بڕینەوەی ئەندامانی جەستەی باوڕدارانی مەسیحی، ئەوەش گومان دەخاتە سەر لایەنگیری بە ڕاددەی زۆر بۆ نووسەرە مەسیحییەکان لە بەرانبەر بە ساسانییەکان.

٢_لەگەڵ ئەوەی کە چەوساندنەوەکان ڕوویانداوە، بەڵام پێویستە بە هەستیارییەوە بڕوانینە زانیارییەکان، چونکە تاکلایەنە لەلایەن نووسەرانی کڵێسا یان ڕۆمە بیزەنتییەکانەوە و بە هەستێکی ئاینییانە تۆمارکراون و زێدەڕۆیی زۆری تێدا کراوە.

٣-دەشێت نەخشەی ئەنجامدانی توندوتیژییەکان بە سنووری باکووری ڕۆژئاوای ساسانی کە هاوسنوور بوو لە تەک ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دیاریبکەین، بۆیە تاڕاددەیەکی زۆر چەسانەوەکان پەیوەستی ڕوودانی جەنگەکانی هەردوو ئیمپراتۆریەت بوون، کە پەیوەست بوو بەو ململانێیەوە نەک تەنها لەبەر ئەوەی مەسیحی بوون.

٤_ ئاینی مەسیحی یەکێک بوو لە ئاینە ئاسمانییەکان، بەر لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، پێگەی خۆی هەبوو لە ناوچەکە، هەروەها شوێنکەوتوو و باوەڕدارێکی زۆری هەبوو، ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەکردندابوو، بۆیە هەر زوو بوو بە مایەی هەڕەشە و مەترسی لەسەر پێگەی ئاینەکانی تر، بە تایبەتی ئاینی زەردەشتی، کە وەک ئاینی فەرمیی ناوچەکە خۆی ناساندبوو.

٥_لە سەدەی چوارەم کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی شاپوری دووەمی ساسانی، ئاینی مەسیحی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا بوو بە فەرمی. بە پشتبەستن بە نامەی قوستەنتین ئیمپراتۆری ڕۆم و شایتحاڵە مەسیحییەکان، گۆڕانکارییەکی مەزن لە سیاسەتی ئاینی شاپوری دووەم بەرانبەر بە مەسیحییەکان ڕوویداوە و گەورەترین چەوساندنەوە و گۆشەگیری لێکەوتووەتەوە.

٦_شاپوری دووەم مەسیحییەکانی بە ستوونی پێنجەمی ڕۆم نەزانیوە، هیچ ململانێیەکی ئاینی لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ڕۆم نەبووە، بەڵام هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری شوێنکەوتووانی ئاینی مەسیحی کردووە، هەوڵی گۆشەگیرکردنیانی داوە.

## پەراوێزەکان

١ شارێکە کەوتووەتە باکووری کوردستان، سەر لێواری ڕووباری فوڕاتی گەورە، بە نزیکی چوار ڕۆژە ڕێ دوور بووە لە شاری ئامەد، نوسەیبین شارێکە لە وڵاتی جەزیرە، لەسەر ڕێگای کاروانەکانی موسڵ بۆ شام، بڕوانە: (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ٢٨٩/٥).

٢ شارۆچکە و قەزا و گوندەکانی سەرووی موسڵ لە ناوچەی جزیرە، پێی دەگوترێت هەکاری، کەوتۆتە باکووری کوردستان لە سنووری وڵاتی تورکیا، کورد لەوێ دەژین بڕوانە: (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ٤٠٨/٥).

٣ نەستوریوس، ناوی یەکێکە لە باوەڕدار و زاناکانی مەسیحی، لە ساڵی ٣٨١ز لە سوریا لە دایک و باوکێکی سووری و فارسی لەدایکبووە، کەسێکی زانا بووە، قسەزان و وتاربێژێکی بەتوانا بووە، ئەو لە تەمەنی خۆی ڕێبازێکی نوێی بۆ ئاینی مەسیحی داهێنا، هەر بە ناوی خۆیشی ناوبانگی دەرکرد، ڕێبازی نەستوری پێی وابوو کەوا پێغەمبەر عیسا مرۆڤە نەک خوا بێت، ئەو لە مەریەمی دایکی وەک مرۆڤ لەدایکبووە، دواتر بوو بە ڕێبازی مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانیەکان. بڕوانە: (الخضري، ١٩٨٦، ٢/١٥٠_١٨٨)

٤ شارێکە کەوتووەتە نزیک بەیت مەقدس، شوێنی لەدایکبوونی پەیامبەر عیسا کوڕی مەریەمە، مەکی کوڕی عەبدولسەلام رمیلی دەڵێت: ناوی ئەو شوێنەم بە بیت لخم بینیوە، بەڵام لە هەندێک لە گەورەکانم گوێ لێبووە کە پیتی حاء نەک خاء، بە شاری دەڵێت: بیت لحم ئەو گوندەیە کە شوێنی لەدایکبوونی عیسا کوڕی مەریەمە. بڕوانە: (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ٥٢١).

٥ ڕۆژی پەنجایەمین ڕۆژی دەرکەوتنی ڕۆحی پیرۆزی عیسا پەیامبەر بوو، بۆ ئەمەش بڕوانە: (انجیل متی، ص٤٨).

٦ مانی لە دایک و باوکێکی خانەدانی ئەشگانی لە ساڵی ٢١٦ز لەدایکبووە، ئەو لە سەردەمی شاپوری یەکەم بانگەوازی پێغەمیەرایەتی خۆی کردووە، ئاینێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی ئاینی مانی، واتە هەر بە ناوی خۆی، هەروەها

کتێبێکی بە ناوی (کێفلایە) بڵاوکردۆتەوە، سەرەتای بانگەوازەکەی لە شاری هەمەدانی پایتەختی میدیەکان دەستپێکردووە، ئاینی مانی شیکردنەوەی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ ئافرێنەر، لە سەردەمی بەهرامی یەکەم لەلایەن موبەدانی زەردەشتی زۆر ئازار و ئەشکەنجە درا، خرایە بەندیخانە لەژێر ئازار و ئەشکەنجە کۆچی دوایی کرد، چونکە پێیانوابوو لە ئاینی زەردەشتی هەڵگەڕاوەتەوە. بڕوانە: (کرستنس، ١٩٥٧، ١٦٩_١٧٧ ؛ نغرین، ١٩٨٥، ١١_١٥).

٧ جاثلیق وشەیەکی یۆنانییە لە بنەڕەتدا بە واتای کاسولیک، بەڵام، لە عێراق و فارس (دوڵی ڕافدین وئێران) لە ڕووی ڕێکخستنی کڵێسای مەسیحییەوە دەستەڵاتی بەسەر چەندین ئوسقفیدا شکاوەتەوە و لە پلەی پتریەرک نزمترە و دەستەڵاتی گشتی باڵای بەسەر ئوسقوفەکاندا هەبووە (سجادی:١٣٩٩هـ.ش، ٧٧).

٨ مار شەمعون بەرصباعی، یەکێکە لە کەسایەتییە ئاینییەکان مەسیحی، ئەو جاثلیقی شوش بووە، یەکێک بووە لەو موژدەبەرانەی نزیکبووە لە شاپوری دووەم، بەڵام لە چەوساندنەوەی چل ساڵە بە هۆی ئەوەی گوێڕایەڵی فرمانەکانی ئیمپراتۆر نەبووە، بەوەی باج لە باوەڕدارە مەسیحییەکان وەربگرێت، ئەویش بۆتە قوربانی سیاسەتە چەوسێنەرەکانی شاپور، بڕوانە: (حبي، ٢٠٠١، ٦٢).

٩ ئویسقوف ئەو پلە کارگێڕییەیە لە ڕێکخستنی کڵێسەدا بەرپرسی کڵێسەکانی شارێک و دەوروبەری بووە کە بە ئوسقوفیە ناودەبرێت (سجادی:١٣٩٩هـ.ش، ٧٧) وەک شارەکانی حەدیاب و کرخ بیت سلوخ.

١٠ شاهدۆست بە مانای دۆستی شا، وشەکە ماناکەی لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی وەکو یەکە، ئەمەش لەبەر لێک نزیکیی نێوان هەردوو زمانەکە لە ڕووی ماناوە. بڕوانە: ( عبدالواحد، ٢٠٠٧، ٨٨).

١١ قەڵای فێنک، شارێکی کوردییە بە دووریی ٢٠ کیلۆمەتر کەوتووەتە باکووری جەزیرەی (ئیبن عمر) لە باکووری کوردستان، بڕوانە: (مرعی، ٢٠٠٨ ، ص٦٦).

١٢ کەشکەر ناوچەیەکە کەوتووەتە نێوان هەردوو زێی فوڕات و دیجلە، لە باکووری عێراقی ئێستا، بڕوانە: الزبیدي، ٢٠١٨، ٤٤).

١٣ شاری دهۆکی ئێستایە، بڕوانە: (مرعی، ٢٠٠٨ ، ص١٠٤).

## سەرچاوەکان:

کتێبی پیرۆز:

انجیل متی.

## سەرچاوە بەزمانی کوری:

- اسماعیل، زوبێر بیلال، (٢٠٠٩)مێژووی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر،لبنان، چاپخانەی گرین گالۆری.

- داود، ئارام، (٢٠٠٢)مێژووی کڵێسای کوردی لەسەردەمی ساسانیەکان، سلێمانی.

- گیرشمەن،ڕۆمن، (٢٠١٣)مێژووی ئێران لەسەرەتاوە تا هاتنی ئیسلام، و: صەلاحەدین ئاشتی، ژین.

- مۆڵە، ماریژان، هێرتزفێلد، گێرشمەن، (٢٠١٤)، مێژووی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس پێش ماد تاکۆتایی ساسانیەکان، و: ئەردەڵان مام وسو دزەیی، بەرگی چوارەم، هەولێر، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- ناردۆ، دان،(ب.س.چ)، سەرهەڵدانی مەسیحیەت، و، موهدی خوون دڵ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- هەرشەمی، شاسوار،(٢٠١٨)، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان، حەڕانی، جو، سریانی، ئاسوریی، کلدانی، تاران، چاپخانەی تاران.

## سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:


- الاب يوسف حبى، (٢٠١٣)، كنيسة المشرق التأريخ- العقائد- الجغرافية الدينية، بيروت.

- أبونا، الاب البير، (١٩٨٥)، تاريخ الكنيسة الشرقية، جزء١، بغداد.

- أبونا، الاب البير، (١٩٨٥)، شهداء المشرق، جزء١، بغداد.

- احمد، جمال رشيد، (٢٠٠٢)، كركوك فى عصور القديمة، دار راس للنشر والطباعة، اربيل.

- أدى، شير، (١٩١٢)، كلدو آثور، جز١، بيروت.

- أدى، شير، (١٩١٣)، كلدو آثور، جز٢، بيروت.

- أدى، شير، (٢٠٠٩)، سيرة اشهر شهدائ المشرق القديسين، جزء الاول، طبعة الثانية، اربيل.

- أدى، شير، (٢٠٠٩)، سيرة اشهر شهدائ المشرق القديسين، جزء٢، طبعة الثانية، اربيل.

- اسحق، رفائيل بابو، (١٩٤٨)، تاريخ نصارى العراق- منذ انتشار النصرانية فى القطار العراقية الى ايامنا، مطبعة منصور، بغداد.

- الاعظمي، علي ظريف، (٢٠١٢)، تاريخ الدولة الفارسية فى العراق، مؤسسة هنداوية، قاهرة.

- اندرو ملر، (٢٠٠٣)، مختصر تاريخ الكنيسة، الطبعة٤، مكتبة المهتدين، مصر.

- ايشو عدناح البصرى، (٢٠٠٦)، الديورة في مملكتي الفرس و العرب، تر: القس بولس شيخو، بغداد.

- باومر، كريستوف، (٢٠٠٩)، كنيسة المشرق"التاريخ المصور للمسيحية الاشورية"، تر: عزيز عمانوئيل الزيبارى، لبنان.

- البغدادى، شيخ امام شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى الرومى، (١٩٧٧)، معجم البلدان، المجلد الاول، بيروت، دار الصادر.

- چون لوريمر، (٢٠١٣)، تاريخ الكنيسه، عصر الباء: من القرن الول حتى السادس، دار الثقافه، قاهره.

- حبى، يوسف، (٢٠٠١)، كنيسة المشرق الكلدانية-الاثورية، لبنان.

- الخضري، القس حنا، (١٩٨٦) تاريخ الفكر المسيحي، جز٢، دار الطباعة نوبا، القاهرة، مصر.

- ريموند لوكوز، (٢٠٢٠)، تاريخ الكنيسة المشرق، المسيحيون فى العراق و ايران و تركيا، جزء الاول، تر: الاب البير ابونا، اربيل، عنكاوه.

- الزبيدي، محمد بن محمد، (٢٠١٨)، تاج العروس من جواهر القاموس، جز١٤، بيروت، دار الكتب العلمية.

- زخا، مشيحا، (٢٠٠١)، كرونولوجيا أربيل، تر: عزيز عبدالأحد نباتي، اربيل. دار اراس للنشر والطباعة.

- ساكا، الأباسحق، (٢٠٠٨)، تاريخ دير القديس مار متى، مطبعة خانى، دهۆک.

- سوزومين، تاريخ الكنسى، (د.ت)تر: تشستر هارترانفت، تعريب: د. بول ساويرس، كتاب الثانى، د.م.ط.

- الطبري، ابو جعفر محمد بن جرير، (١٩٨٧)تاريخ الرسل و الملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم، لبنان.

- العزاوي، عباس، (١٩٩٨)، العماديه فى مختلف العصور، اربيل.

- فييه، جان موريسن، (٢٠٠٥)، القديسون السريان، بيروت.

- القيصرى، يوسابيوس، (١٩٧٥)، حياة قسطنطين العظيم، تر: القمص مرقس داود، مكتبة المحبة، قاهرة.

- كامل، مراد، (١٩٨٧)، تاريخ الادب السريانى من نشأته حتى الهد الحاضر، قاهرة.

- كريستنس، ارثر، (د.ت)، ايران فى العهد الساسانيين،ترجمة يحيى الخشاب، دار النهظة العربيه، بيروت.

- كلثومة جميل عبدالواحد، (٢٠٠٧)، كردستان في عهد الساسانيين(٢٢٤_٦٣٠م)، دراسة عن الحياة الدينية والاجتماعية والاقتصادية_اربيل، مطبعة وزارة التربية.

- مرعي، فرست، (٢٠٠٨)، دراسات فى تاريخ، اليهودية و المسيحية في كوردستان، اربيل.

- المسعودي, الامام أبى الحسن بن على، (٢٠٠٥)،مروج الذهب, ج٢، بيروت.

- مفرج.ط.ب، و مجموعة من كبار الباحثين، (٢٠٠٥)، نشوء المسيحية و اضطهادها و انتشارها، بيروت.

- مؤولف مجهول، (٢٠١٠)، التاريخ السعردى- تاريخ نسطورى غير منشور- وقائع سيرت، السليمانية، دار سردم للطباعة والنشر.

- نغرين، جيووايد، (١٩٨٥) ماني و المانوية، ترجمة: سهيل زاكار، دار احسان، د.م.

- نينا بيغوليفسكايا، (١٩٧٩)، ثقافة السريان فى القرون الوسطى، تر: خلف الجراد، دار العلم، موسكو.

- يوسف ضرغام واخرون، (١٩٩٧)، دليل الى قراءة تاريخ الكنيسة، الكنائس الشرقية الكاثوليكية، دار المشرق، لبنان بيروت.

- يوسف، عبد الرقيب، (٢٠٠١)، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى – القسم الحضاري. الجزء الثاني، الطبعة الثانية، أربيل، دار آراس.

### سەرچاوە بە زمانی فارسی:

- پرنيا، حسن ،عباس اقبال آشتياني، (١٣٨٥ه.ش)،تاريخ ايران از آغاز تا انقراض ساسانيان از صدر اسلام تا انقراضقاجاريه، انتشارات ميلد، تهران،

- دريايى، تروج، (١٣٨٣هـش)، شاهنشاهى ساسانى، تر: مرتضى ثاقب فر، تهران.

- روشدى،آرمان، (٢٠٠٦م)، سرگذشت مسيحيت در ايران، تهران.

- زرين كوب، دكتر عبدالحسين، (١٣٧٧ه.ش)،تاريخ مردم ايران قبل از اسلام،تهران، موسسة انتشارت امير كبير.
- ٥-سجادى، سيد مرتضى مير وديگران (١٣٩٩هـش)، موسوعة المستبصرين، مؤسسة امام الهادى، (د.م.ط) ج١.
- سرپرسى سايكس، (١٣٩١هـش)، تاريخ ايران، تر: سيد محمد تقى فخر داعى گيلانى، ب،م.
- سعيد نفيسى، (١٣٨٨هـش)، تاريخ تمدن ايارن ساسانى، تهران، چاپ نشانه.
- ميلر، ويليام الوى، (١٣٨٢هـش)، تاريخ كليساى قديم در امبراطورى روم و ايران، تر: على نخستين، تهران.
- ن. و. پيگولوسكايا و ديگران، (١٣٥٣هـ.ش)، تاريخ ايران از دوران باستان تا پايان سده هجدهم ميلدى، تر: كريم كشاورز، تهران، پيام.
- نفيسى، سعيد و عبدالكريم جربزەدار، (١٣٩٢هـش)، مسيحيت در ايران تا صدر اسلام، تهران، دار اساطير.
- نويسنده ناشناس، (١٦٥٨هـش)، اسناد ومباحثى درباره تاريخ كليساى شرق، جلد١، تهران.
- و. م. ميلر، (١٩٣١م)، تاريخ كليساى قديم در امپراطورى روم و ايران، ب،م، تهران.
- ويدن گرن، گئو، (١٣٧٧هـش)، دين هاى ايران، تر: منصور فرهنگ، تهران.

- ویراش دوم، (۱۳۷۲هـش)، گزیده تاریخ بلعمی، تهران.
- یار، شاطر و دیگران، (۱۳۸۹هـش)، تاریخ ایران، از سلوکیان تا فروپاشی دولت ساسانیان، جلد۳، تر: حسن انوشه، تهران، انتشارات امیر کبیر.

**نامە زانکۆییەکان:**

- کامران محمد جلال، (۲۰۱۰م)، الصراع الساساني- الروماني على ارض الرافدين العليا، ٢٢٤-٥٧٩م، دراسة تاريخية سياسية، اطروحة دكتورا، جامعة السليمانية.

**سەرچاوە بەزمانە بیانیەکان:**

- 1-Asmusseen, J, P, (2002), Christians in Iran.., Cambridge History of Iran, vol. 3(2).
- Gilleman, Ian, Klimkeit, Joakhim Hans,(1999), Christians in Asia Before 1500, London.
- Labourt, Jérôme. (1904), Le christianisme dans l'empire Perse: sous la dynastie Sassanide (224-632). V. Lecoffre.
- payne, r. e., a state of mixture, (2015), christians, zoroastrians, and iranian political culture in late antiquity, university of california press.

- Wiesehofer, Josef, (2001), Ancient Persia from 550 BC to 650 AD, I.B. Tauris Publishers, London. Newyork,200.

**ملخص:**

تعد دراسة الدينية للإمبراطورية الساسانية من أهم القضايا في مجال التاريخ الساساني، لأن الإمبراطورية الساسانية أحيت الديانة الزرادشتية وعززتها وجعلتها الدين الرسمي لإمبراطوريتهم. وكان هذا الدين منفصلا عن الدولة لسنوات عديدة، ولكن مع وصول الساسانيين إلى عرش الحكم، بدأت مرحلة مهمة للزرادشتية والمبدان، فقد تحسن وضع الزرادشتية ، خاصة في عهد شابور الثاني. وتم تسجيل العديد من النتائج المرغوبة فيها وعنها ناجمة عن الاحداث والتطورات التي حصلت للأديان الاخرى في ظل الحكم الساساني. كانت الزرادشتية ومبدان سببا رئيسيا للصراع الحاصل بين إمبراطور ومسؤولي الإمبراطورية الساسانية وأتباع الديانات الأجنبية، خصوصا المسيحية.

هذه المقالة تبحث عن وضع المؤمنين المسيحيين والمبشرين في عهد الإمبراطور الساساني شابور الثاني، من أجل شرح أبعاد حياتهم الاجتماعية والسياسية والدينية، وبيان المعاناة والتعذيب الذي تعرضوا له نتيجة إيمانهم. ونتيجة اضطهاد المسيحيين الإنجيليين والمؤمنين من قبل الإمبراطور و المسؤولين في الامبراطورية.

كانت السياسة الدينية للإمبراطورية الساسانية عملية متغيرة، تحت تأثير الأوضاع الداخلية والخارجية، سببها مجموعة من العوامل بما في ذلك تغيير الظروف الدولية، وتغيير دين الإمبراطورية الرومانية التي كانت العدو الرئيسي للساسانيين.

قوة وقدرة الملوك والموبدان وكذلك سلوك وموقف المؤمنين والمبشرين المسيحيين كانت سببا في إثاة حفيظة أباطرة الساسانيين في بعض الأحايين، ولكن الأسباب السياسية كان لها دور كبير في تعذيب واضطهاد المؤمنين المسيحيين واستخدام والعنف ضدهم وعزلهم في أوضاع مزرية في النهاية.

**abstract:**

Researching the religious of the Sasanian Empire is one of the important status of the Sasanian history, because The Sasanian Empire renewed and made strong of Zardashty religion to be a formal religion of their Empire. this religion had been seen outside the state, but when the Sasanian Empire took the power of the state, it had been an opportunity to the Zardashtians and their elievers to develope their situations especially at the time of Shapore 2, as the believers had an important and a great role of the Sasanian in power system. indeed, that events and happenings had been faced several consequences to the other religions of the Sasanian in power, Zardashtian religion was the main motivation of the conflict between the Epmire and its leaders especially the foreign religions like Christians.

In this regard, the situation of the Christian believers discussed at the period of Shapore 2 at Sasanian Empire to clarify their socio-political life and religion, in which they faced during the Shapore 2 in power, also the results of Christians believers' oppression which had been faced under the power of that Empire. The Role of the Sasanian Empire religion had been changed according to the inside and outside compressions, several factors had made that situation such as international political and religious exchanges of Romanian Empire in which they were the main enemies of Sasany. The power and ability of believers and Kings, also the behaviors of the Christian believers were made the Sasanian Empire to feel irritation. But at the end, the political circumstances had a great role of the Christian believers' soreness which had been faced at that bad situation.

1.1